موحاکەمەکردنەکەی

# پێشەوا قازی محەمەد

لە یاداشتەکانی "قوام السلطنە"دا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

موحاکەمەکردنەکەی

# پێشەوا قازی محەمەد

لە یاداشتەکانی "قوام السلطنە"دا

وەرگێڕانی:

**موکری**

ناوی کتێب: موحاکەمەکردنەکەی پێشەوا قازی محەمەد
لە یاداشتەکانی "قوام السلطنە"دا
وەرگێڕانی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٨٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی چوارەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# کوردستان و چاوپیاخشانێک

له سەدەی حەوتەمدا کاتێ کە عەرەبەکان هێرشیان هێنایە سەر ئێران، کوردیش شان بەشانی میللەتانی دی ئێران رووەو کێوەکان چوون تا لەوێدا بنکەی عەمەلیاتی خۆیان دامەزرێنن. له سەدەی دەهەمدا دووبارە عەشایر و هۆزە کوردەکان له مەیدانی رووداوەکاندا سەریان بەرز کردەوە. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک له هەرێمەکانی تکریت و هەولێری عێراقدا کەسێکی بەرجەستەی وەک صەلاحەدینی ئەیوبی له مەیداندا دەرکەوت. بەڵام کۆششەکانی ئەو زیاتر بۆ عەرەبەکان بوو. هەروەها تەواوی تێکۆشانی خۆی بۆ پەرەپێدان و درەخشانەوەی ئیسلام خستەکار. له سەدەی سیانزەهەمدا مەغۆلەکان له باکورو رۆژهەڵاتەوە هێرشیان بردە سەر ئێران، وردە وردە دەسەڵاتیان زیادی دەکرد و ئازەربایجانی هاوسێی کوردانیان دایە بەر هێرش.



بەدرێژایی سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەم هەرێمە بە بایەخ و گەورەکانی کوردنشین و ناوەندی ناوچەکەیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی دوو قودرەت. ئەو دوو قودرەتەیش یەکێکیان ئێران بوو کە تازە بەهۆی (خانەدانەکانی سەفەوی)یەوە گیانی هاتبووە بەر.

دووەمیشیان تورکە تازە یەکگرتووەکانی (عوسمانی) بوو. لەنێوانی ئەم دوو هێزەدا نەبەردی خوێنین رووی دەدا کە زیاتر کوردان لەم جەنگانەدا لایەنگری عوسمانییەکانیان دەکرد و دژ بەشیعەکانی ئازەربایجان و فارس دەجەنگان. (ئەم لایەنگرییە بەهۆی مەزهەبی هاوبەشی کوردان و عوسمانییەکان بوو).

له ساڵی ١٣٣٩ دا پەیمانێ لەنێوان سوڵتان مورادی چوارەم لەلایەن تورکان و شا عەباسی دووەم لەلایەن ئێرانەوە مۆر کرا. بەپێی ئەم پەیمانە هێڵەکانی سنوور دیاری کران و دابەشکردنی کوردستانیش لەبەرچاو گیرا لەو دەمەدا رابەرانی نوێی کوردستان پێک هاتبوون له (سۆفییانی سادات و شێخەکان) کە زۆربەیان کەسانی موتەعەسیب و موقەدەسیان بەرەو لای خۆیان رادەکێشا. بەم شێوەیە هێزیان بۆ خۆ پێک دەهێنا.

له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا چەند کەسێک کە زۆربەیان بەنێوی ئەرکۆلۆژی یا گەڕیدەوە هاتنە کوردستان و تەنها بۆ

بەرژەوەندی حکومەتەکانی خۆیان کاریان دەکرد. لەو دەمەدا (کینیر) و (فراسەر) هاتنە ناوچەکە. بەهاتنی ئەمان سەرەتای پەیدابوونی غەریبان لەنێو کوردانداا دەستی پێکرد ئەم مەسەلەیەش کاتێ گەیشتە پۆپە کە (جرترودیل) و (کومت دوچل) و (بیشات خانم) و (مارک سایکز) هاتنە ناوچەکە و تەواوی کوردستان گەڕان و (ئای بی سوین) بەناوی کەسێکی فارس گەیشتە ئەو چەند کەسە. سەرەتا بەرلەوەی کەسێ گومانی لێ بکات لە ئەستەنبوڵەوە بۆ بەیروت و پاشان (تیگریس) ئەوجا دۆڵەکانی شارەزوور و هەڵەبجە نزیکی سلێمانی بووەوە وە لەلای عادلە خانم کە رابەرایەتی عەشیرەتی جافی لە ئەستۆدا بوو بەنێوی نووسەری ئەم خانمە نیشتەجێ بوو.

سەردەمێ کە سوپای بەریتانیا دەیویست دەسەڵات بەسەر خاکی عێراقدا بگرێ هەمان کەسی (ئای بی سوین)ی بەناوی ئەفسەری سیاسی ناردە سلێمانی.

***

بەدرێژایی دەیان ساڵ گەلێ رووداو لە ناوچە کوردنشینەکاندا روویان دا. تا لەئەنجامدا تورکەکان توانییان کودەتایێکی ترسناک لەنێوان کوردانی هاو مەزهەبیان لە کوردستانی ئێراندا ساز دەن. بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٠٧–



١٩٠٩ لە شاری مهاباد. لە ساڵی ١٩١٣ ئەنجومەنێ لەلایەن ئێران و تورکیادا سازدرا تا گۆڕانکاری بخەنە سەر هێڵەکانی سنوور.

ئامانجی سەرەکی ئەم ئەنجوومەنە جیاکردنەوەی باکور و باشووری کوردستان و لەیەک دابڕاندنی بوو. ئینگلیز و روسیش توانییان کارێ بکەن کە هێڵە نوێیەکانی سنوور بکەنە هێڵی ناکۆکێ و جودایی و تا ئێستایش بەم شێوەیە بیهێڵنەوە.

کاتێ لە دووی نۆڤەمبەری ١٩١٤ روسیا ئیعلانی جەنگی دژ بەتورکیا کرد. کوردان لایەنی موسڵمانانیان گرت و لە هەرێمەکانی باکورەوە رووبەڕووی هێزە مەزنەکانی مەسیحی و هاوپەیمانەکانیان (ئاشوری و ئەرمەنی) بوونەوە. ئەم جەنگە چوار ساڵ درێژەی کێشا. لەم ماوەیەدا کوردەکان گەلێ ناوچەی بەرینی ناوەڕاستیان لەدەست دا و پەڕاگەندە بوون. چاوی ئومێدیان بەستەوە بە داهاتوو. بەڵکو رابەرانی نوێ لە نێوانیان سەرهەڵدات و تەواوی هۆزە کوردەکان لەژێر یەک ئاڵادا یەکخات.

# کوردستان و یەکەم جەنگی جیهان

کوردستان و یەکەم جەنگی جیهان، دەستەیێک لە کوردەکان لە ڕۆژی بیست و دووەمی ژانویە ١٩٤٦ لە مهاباد دا کۆبوونەوە. باوەڕیان وابوو یا لەباو باپیرانی خۆیان بیستبوویان کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەزیەتی زۆریان چەشتووە.

تورکەکان لەسایەی فیداکاری و لەخۆبوردنی لەڕادەبەدەری کوردان ناوبانگیان دەرکردبوو. ئەو پێکدادانەی کە لە ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕووی دابوو. ببووە هۆی ئەوەی سوپای ڕووسی لە ئێراندا ئامادە بن.

لە ساڵی ١٩٠٩ دا روسیا پەیوەندی خۆی لەگەڵ شای ئێراندا پچڕاند. ئەویش سەبارەت بەشۆڕشی مەشروتیەت دوور خرابووەوە هەر ئەو دەمەش ڕووسیا هێزی سوپای خۆی لەسەر سنوورەکانی باکوری ئێراندا بەتایبەتی لە ئازەربایجانی ڕووسیادا کۆکردەوە و لەوێدا داینان.



جێی سەرسوڕمان نییە کە پاش ئیعلانی بێ لایەنی ئێران دووبارە تورکەکان لە ٢٩ی دیسەمبەری ١٩٠٩ دا هێزی سوپایی خۆیان بەفراوانی سەرەو ژێری ئێران کردن. پاش ١٠ ڕۆژ تەورێزیان داگیر کرد. بەڵام لە شاردا ڕووبەڕووی بەرگری هێزەکانی ڕووس بوونەوە.

لە (٣٠) ژانویە ڕووسەکان لە خۆرنشین و هەرێمەکانی کوردنشینەوە (بەو دیوی دەریاچەی ورمێ) دا ڕێیان گرتە بەر. کاتێ ویستیان بچنە شاری (خوی) ڕووبەڕووی بەرگری سێ هەزار چەکداری شکاک بوونەوە کە (ئیسماعیل ئاغای سمکۆ) ڕابەری ئەوانی لە ئەستۆدا بوو و (ئەمەرخانی شکاک) گەورەیان بوو. هێزی هێرشبەری ڕووس ناوچەکەیان داگیرکرد و هێزی چەکدرای کوردانیش بەڕێگای ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و ناوچە شاخاوییەکان ڕووەو سنووری تورکیا پاشەکشێیان کرد.

لە بیست و پێنجەمی مانگی (مە) پاش پێنج مانگی داگیرکردنی تورکیا. هێزی سوپای ڕووس لەکاتێکدا لەگەڵ نێردراوەکانی ئەمریکا و مەسیحییەکاندا تێکەڵ ببوون. هەموو ئەمانە بەیەک دەنگ داوایان دەکرد کە بەرەو ورمێ بگەڕێنەوە.

لە شاری مهابادا کەسانی چەکداری عەشیرەتەکانی (مەنگوور) و (مامش) ڕووبەڕووی هێزی هێرشبەر بوونەوە،

ئەوانیش رووەو شاخەکان پاشەکشەیان کرد.

وەختێ کە تەقە وەستانی کاتی لەنێوان رووسیای بەلشەفی و تورکیادا لە مانگی دیسەمبەری ١٩١٧ دا ئیعلان کرا.

سنووری رووسیا لە بەشەکانی ئازەربایجاندا لێکترازا و ناوچەی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەشیرەتە چەکدارەکانی کورد.

لە پایزی ١٩١٥دا هۆزە ئاشورییەکانی ناوچەی (هەکاری) باشووری تورکیا بەسەرکردەیی رابەری مەزهەبی و میللی (مارشەمعون) بەڕێی (سەلماس) و (ورمێ)دا هاتنە نێو ئێران و بەدووی شوێنێک دەگەڕان تا بیکەنە بنکەی چالاکی خۆیان. لە ساڵی ١٩١٧دا (مارشەمعون) رابەری پێنج هەزار چەکداری ئاشوری لەئەستۆ گرت کە زۆربەیان چەکیان لە ئەنجامی سەرنگونی رژێمی رووسیا وەدەست هێنابوو.

نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان هەوڵیان دەدا کە ئەمان بەهێزکەن و دەشیانویست هێزەکانی رووسیا بمێنێتەوە تا بەرانبەر بەتورکەکان قودرەتی بێ و بەردەمیان بگرێ. هەر لەنێوان رووسەکاندا دەستەیەک تەتەوعیان کرد و بوونە شەش هەزار چەکداری مەسیحی.

ئەم هێزە گەورەیەی مەسیحییەکان لەلایەن موسڵمانەکانی



ورمێ و سەرکردەکانی کوردانەوە کەوتبوونە بەر هەڕەشە. بەتایبەت لەلایەن ئیسماعیل ئاغای سمکۆی سەرەک عێلی شکاک.

(سمکۆ) گەنجێکی گەلێ ئازا و بەجەرگ لەنێوان کارەسات و نائارامیدا گەورە ببوو جەعفەر ئاغای برای کوژرا بوو (ئەو دەمە دە ساڵ بەسەر کوشتنی براکەیدا تێپەڕ ببوو و مەسەلەکەیش بەم شێوەیە بوو)، (حاکمی تەورێز نظام السلطنە دەعوەتی جەعفەر ئاغا دەکات و بەقورئان سوێند دەخوات کە لە وێدا لە ئەمان و سەلامەتیدا بێت. بەڵام لەکاتی فراڤیندا لەپڕ دەسرێژی لێ دەکرێ و دەکوژرێ.)

سمکۆیش بۆ گفتوگۆ و هاوکاری و هاوفکری (مار شەمعون) دەعوەت دەکاتە گوندی (کونە شار)ی سەلماس لەوێدا گەلێ رێز و قەدری لێ دەگرێ. پاش فراڤین "دەربارەی هاوکاری ئایندەیان بەدرێژی گفتوگۆ کرا،" هەر ئەو رۆژە (مار شەمعون)و تەواوی حەرەس و یارانی تەنها یەک کەس بە سەلامەتی دەرچوو. ئەوانی تر هەموویان درانە بەر دەسرێژ و گیانیان سپارد.

سمکۆ بەم شێوەیە باسی ئەم مەسەلەیە دەکات.

«هەر لە سەرەتاوە مەبەستی کوشتنی (مار شەمعون)م هەبوو بەڵام ئەم باسەم جگە لە (عەلی ئاغای برام لەلای چ کەسێکی

دیم نەدرکاندبوو. کاتێ (مار شەمعون) خواحافیزی لێ کردم. پشتی تێ کردم تا سواری گالیسکەکەی بێت. لەپشتەوە دامە بەر دەسرێژی حەوتیر. پیاوانی منیش هەر کە گوێیان لە دەنگی حەوتیرەکەی من بوو. پیاوانی (مار شەمعون)یان دایە بەر دەسرێژ و لە ماوەیێکی کەمدا ١٤٠ کەسیان لەناو خوێندا گەوزاند تەنها یەک کەسیان توانی لەو دۆزەخە دەرباز بێ لە هەموو شوێنێکدا قاو وابووە کە گوایە سمکۆ بەرتیلێکی مۆڵی وەرگرتووە تا ئەم کارە وەئەنجام بگەیێنێ).

خوشکەکەی (مار شەمعون) بڕیاری دا تۆڵەی خوێنی براکەی وەرگرێ. ئاشورییەکانی کۆکردەوە و هێزێکی گەورەی پێکهێنا تا کوردان تەفرو توونا بکات و لە ناوچەی سەلماس دەریان بکات. کۆمەکی تازەی تورکیا ورەی بە کوردان بەخشی. هێرشی بێ ئەمانی کوردان هێڵی بەرگری ئاشورییەکانی تێکشکاند. رێی بەرەو پێشچوونی مەسیحییەکانی بەرەو باشوری ورمێ پێ بڕی. پاشەکشێی ئاشورییەکان بەرەو هەمەدان لەژێر چاودێری بەریتانیادا ئەنجام درا. زیانێکی زۆریان لێ کەوت چونکە کوردەکان بەدوایانەوە ببوون. بگەیشتبانەتە هەر دێیەکیش ئەزیەت و ئازارێکی زۆر دەدران. ئەگەر چی پێشبینی ئەم کارە نەدەکرا بەڵام مەسیحییەکان لەم رێیەدا زەرەرێکی زۆریان لێ کەوت و زۆربەیان کوژران.



لە ساڵی ١٩١٩دا لە هەرێمە دوورە دەستەکانی باکوری عێراق. هۆزە جۆراوجۆرەکان ئامادەی گفتوگۆ و تەنانەت شۆڕش بوون. هەر هەمووشیان بیریان لەوە کۆ ببووەوە سەرنج و جار جارەش کۆمەکی تورکیا، بریتانیا، عەرەبەکانی عێراق بەرەو خۆیان راکێشن. کاتێ بەدیقەتەوە بایەخ دەدرایە ئەم مەسەلەیە و خەریکی لێکۆڵینەوەی بوون. سمکۆ لە باکوری خۆرئاوای ئێراندا بیری لەوە دەکردەوە ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی رۆیشتنی رووس و تورک و ئاشورییەکانەوە دروست ببوو پڕبکاتەوە.

(گوردون بادوک) کۆنسلی ئەمریکا لە تەورێزدا لەگەڵ سمکۆ گفتوگۆ دەکات و پێی دەڵێ کە ئامادەیە بایی پەنجا هەزار دۆلار دراوی زیوی بداتێ بەمەرجێ چاوپۆشی لە فەرهود و تاڵان کردنی نێردراوەکانی ئەمریکا لە تەورێزدا بکات.

حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی زیرەکانە فەرمانڕەوایی سمکۆی بەسەر بەرزاییەکانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بەڕەسمی ناسی. ئەگەر چی لەو دەمەدا گەلێ کەس بۆ گەیشتن و سەرنج راکێشان بۆ کوردستان لەلایەن دەوڵەتەوە لەگۆڕێدا بوون. کەچی سمکۆ بایەخی بەم گفتانە نەدەدا. تەنها گوێی لە پێشنیازی پیاوانی خۆی دەگرت و ویستی ئەوانی بەجێ دەهێنا.

ئەم كارەش بووە هۆی ئەوەی كە بۆ داچەسپاندنی جێ پێی خۆی بیری هێرش بردنە سەر تاران لە مێشكی خۆیدا بخەملێنێ.

سمكۆ لە ساڵی ١٩٣١دا هێزەكانی خۆی بەرەو مهاباد برد. لەم هێرشەیدا نزیكەی ٦٠٠ كەسی ژاندارم و یەك نێردراوی پروتستانی ئەمریكای كوشت.

بەڵام رەزا خان توانی هێزێكی سوپایی بەفەرماندەیی سەرلەشكر (عبدالله طهماسبێ ) و بەهاوكاری عێلی توركی ئازەربایجانی شاهسون بە سەركردەیی (ئەمیر ئەرشە) بنێرێتە سەر سمكۆ و ناچاری كەن لە خۆرئاواوە پاشەكشێ بكات و تا خاكی توركیا نەوەستێ، هەتاوی دەسەڵاتی سمكۆ رووی لەئاوابووندا بوو. ئەڵبەتە هەر بەتەواوی ئاوابوو. ئەویش كەوتە نێو داوێكەوە كە سوپای ئێران لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری (شنۆ)دا بۆی تەنیبوو.

سمكۆ چوو بووە ئەوێ تا لەلایەن دەوڵەتی مەركەزی ببەخشرێ و چاوپۆشی لە ڕابردووی بكرێ. ملكەچی خۆی بۆ مەئمورەكانی حاكمی وەقت بنوێنێ. كەچی كەوتە نێو داوەوە.



## لە نێوان دوو جەنگدا

لە١٠ی حەوتی ساڵی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤەر لەلایەن توركیا و هاوپەیمانەكانی ئیمزا كرا. لەو پەیمانەدا ئەم مافانە بۆ كوردان لەبەرچاو گیرا.

بەندی ٦٢: ئەنجومەنێ لە سێ نمایندە یەكێكی لەلایەن بەریتانیا و دووەم فەرەنسا و سێیەم ئیتالیا لە شاری ئەستەمبوڵدا پێك بێت. ئەم ئەنجومەنە بڕیارێك ئامادە بكات و شەش مانگ موڵەت بدات تا لایەنی قانونی پەیدا بكات. ئەم بڕیارەش جۆرێ لە ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو هەرێمانە مسۆگەر بكات كە زۆربەی دانیشتووانی كوردن بەتایبەت ئەو ناوچانەی كە كەوتوونەتە سەر رووباری فورات كە كەوتووەتە باشووری سنووری توركیا و سوریا و هەروەها میزوپوتامیا (بين النهرين).

بەندی ٦٣: ماوەی سێ مانگ مۆڵەت بەحكومەتی توركی

بدرێت کە وەڵامی سەلبی یا ئیجابی خاڵەکانی بەندی ٦٢ بداتەوە. یانی یا قەبوڵی بکات یا رەفز.

بەندی ٦٤: ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا زۆربەی کوردانی ناوچە ناوبراوەکانی بەندی ٦٢ بتوانن داوای ئیستقلالی تەواوەتی بکەن و بەکردەوە نیشانی بدەن کە شایستەی ئیستقلالن هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەم شایستەگییە تەئید بکات ئیدی دەبێ لەلایەن تورکیاوە ئەم کارە موافەقەتی لەسەر بکرێ و لە تەواوی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکاندا چاوپۆشی بکات.

بەڵام ئەم پەیمانە تەمەنی درێژی بەخۆیەوە نەبینی ماوەیەک پاش ئیمزا کردنی رەت کرایەوە و لەبۆتەی فەرامۆشیدا مایەوە، چونکە مێژووی ئەم میللەتە بەشێوەیەکی دی بەدەستی (مستەفا کەمال پاشا) نووسرا، بەئیمزا کردنی پەیمانی لۆزان سەرلەبەری پەیمانی سیڤەر هەڵوەشایەوە. هەر لەو ساتەوە بەجوانی ئاشکرا بوو کە جێیەک نییە بۆ ژیانی کوردان و ئەرمەنییەکان لە سایەی حکومەتی ئەتاتورکدا ئەگەر چی ئەتاتورک بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لە تورکیا بەبێ بایەخییەوە سەیری هێزی کوردەکانی نەدەکرد.

لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٢٣ تەواوی فیکر و کۆششی ئەو رووەو ئەو هێزانە بوو کە لە ڕوویدا دەوەستان بەتایبەتی کوردانی





رۆژهەڵاتی تورکیا. لە ساڵی ١٩٢٥دا شێخ سەعید بزووتنەوەیەکی بەرینی لە باشووری کوردستانی تورکیادا بەرپا کرد. پاش ئەویش ئیحسان نوری بەگ هێزی چەکداری بەیەکەوە نا تا بەردەوامی بداتە تێکۆشان لە بەشەکانی باکور و رۆژهەڵاتی کێوەکانی ئارارات. ئەم بزووتنەوەیەش سێ ساڵ درێژەی کێشا.

هەردوو بزووتنەوەکە لەلایەن سوپای تورکیاوە بەوەحشییانە لەنێو بران. ئەڵبەتە پاش کوشتارێکی گەلێ دڕندانە. هەروەها سوپای تورکیش زیانی ماڵی فراوانی بەرکەوت. پاش ئەمانە حکومەتی تورکی هەموو خەم و کۆششی خۆی بۆ جیاوازی خستنە نێو هۆزەکانی کورد خستە کار. چونکە نیشتەجێی و کۆبوونەوەیان لەجێیەکدا مایەی ترسێکی گەورە بوو بۆ ئەوان.

لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ناوی هەرێمە کوردنشینەکان گۆڕدرا. هۆز و سەرۆک هۆزەکان لەیەکدی دوور خرانەوە. هەریەکە بەرەو لایێک دوور خرایەوە. خوێندن بەتۆپزی کرا بەتورکی. بەڕەسمی کوردان بە(تورکی کێوی) ناونران.

لەم کاتەدا هێزەکانی سوپای عێراق عەرەبەکان ناچار بوون تا رادەیەک فکر لە کەمایەتییە نەتەوەکان بکەنەوە. ئەمە کوردانیشی دەگرتەوە چونکە لە سەدا بیستی دانیشتووانی عێراق کوردن. دووبارە کێشەی نوێ سەری هەڵدایەوە. شێخ

مەحموود لە سلێمانی و شێخی بارزان لە  باکوری کوردستان بزووتنەوەیان سازدا بەشێ لە ئاشورییەکان چوونە خزمەتی رژێم. ئەڵبەتە بەو مەرجە قەبووڵ دەکران دژ بەکوردان بجەنگن. لە ساڵی ١٩٢٣دا حکومەتی موستەقیل و نوێی عێراق بەچەند بیانوویێک لەپڕ دژ بەئاشورییەکان وەخۆکەوت. کوشتاری فراوانی لێ کردن و هەموو ئاواییەکانیانی بەفەرهود برد.

لە ئێراندا رەزا خان کە پاشان بەڕەزا شا ناسرا یەکێتییەکی نوێی دروست کرد کە زیاتر بە زۆر و تۆپزی و سەرە نێزە و فێڵی جۆراوجۆر و تێکەڵ کردنی هۆزەکان بوو. ئەوجا کەسە ناسراوەکانی بەرەو تاران یا جێیە دوورەکان دوور خستەوە. بەتۆپزی خوێندنی کردە فارسی و خەڵکی ناچار کرد دەسبەرداری پۆشاکی میللی خۆیان بن. بەو حیسابەی کە گۆڕانکاری دیوی دەرەوە دەبێتە مایەی گۆڕانکاری دیوی ناوەوەو دەیانکاتە کەسانی رۆژئاوایی.

لە ڕۆژی ٢٥ حەوتی ١٩٤١دا هێزەکانی رووس و سەربازەکانی ئینگلیز لە باکورو باشوورەوە هێرشیان بردە سەر ئێران. پاش چەند رۆژێ شیرازەی سوپای ئێران لەیەک ترازا و ئێران داگیر کرا.

لە ڕۆژی ١٦ی سیپتیمبەری ١٩٤١دا رەزا شا وڵاتی بە کوڕە گەورەکەی (محمد رەزا پەهلەوی) سپارد و ئینگلیزەکانیش



رەزا شایان بۆ دوورگەی موریس دوور خستەوە.

قازی محمد: ساڵی ١٩٤٣ لە مهاباددا سەرمایەدار یا فیوداڵ بەو شێوەیەی کە لە شوێنانی دی ئێراندا هەبوون لەوێدا نەبوو.

چەند خاڵێ دەبووە هۆی قودرەت و دەسەڵات گرنگترینیان سامان. پاش ئەمەیش ناو و رەسمی بنەماڵە پێوەندی بەرین لەنێوان خزم و خوێش و ئەنجامدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگیرا. بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵانە کەم بنەماڵە هەبوون شان لەشانی بنەماڵەی قازی بدەن.

ئەڵبەتە بنەماڵەی گەورەی (شافعی)یش هەبوو کە کەسی یەکەمیان (میرزا رەحمەتی شافعی) بوو.

ئەم بنەماڵەیە ٦٠ هەزار کەس بوون و بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی شاریان لەژێر دەستدا بوو. بازاڕی مهاباد و کێڵگەی بەپیت و بەرینی جادەی میاندواو هی ئەمان بوو. لە شاری مهاباددا جگە لە (حاجی رەحمەت) چ کەسێ نەیدەتوانی شان لە شانی قازییەکان بدات. بەڵام کاتێ کە ناوچەکە لەلایەن رووسەکانەوە داگیر کرا بنەماڵەی شافعی تووشی بێدەنگییەکی سەیر و خەم ئامێز بوون.

قازی محمد کوڕی قازی عەلی بوو کە یەکێ بوو لە بەڕێزترین و بەدەسەڵاتترین قازییەکانی رۆژگاری خۆی نەوەی قازی قاسم

بوو. خزمەکانی دیشی هەر قازی بوون. دایکی قازی محمد لە عێلی فیض الله بەگی سەقز بوو. قازی محمد برایەکی چوار ساڵ لەخۆ چکۆلەتری هەبوو ناوی (ابو القاسم صدری قازی) بوو هەروەها سێ خوشکیشی هەبوو. لەو رۆژگارانەدا باو وابوو قازی بخرێتە بەر دەستی مەلا و دەرس بخوێنێ. دەرسە سەرەکییەکانی لەلای باوکیدا خوێند و چەند کتێبی دەربارەی زمان کە لەو سەردەمەدا دەخوێنرا لە ماڵ هەیبوو. بەرلەوەی لەلایەن باوکییەوە بەقازی دامەزرێ بووە سەرۆکی ئیدارەی ئەوقافی مهاباد. بەپێچەوانەی قازییەکانی دی کە هەمیشە رای خۆیان دەگۆڕن قازی محمد لەهەر مەسەلەیەکدا- پاش سەرنجدان و لێکۆڵینەوە- کە را و حوکمی خۆی دەدا جارێکی دی نەیدەگۆڕی. لەڕوودا قەڵافەتی بەشێوەیێک بوو هەر کەسێ ئەوەی دیبا ناچار دەبوو رێزی لێ بگرێ. ماڵەکەشیان پەناگای هەموو ئەو کەسانە بوو کە گرفت و کێشەیان هەبوو. زۆربەی ژنان یا کچان دووچاری ناهەمواری دەبوون و پەنایان دەبردە ئەوێ. هەر بەهۆی ئەم شتانەوە جارجارە دەبووە قاو کە گوایە قازی پیاوێکی خواناس و زاهید نییە بەڵکو خۆشگوزەرانترین کەسی دنیایە.

ئەڵبەتە ئەم جۆرە قسانە کاری دەکردە سەر شەخسیەتە مەزهەبییەکەی. بەڵام کە بێوەژنێکی خواست کۆتایی بەم



قسەڵۆکانە هێنا. قازی درەنگ ژنی هێنا. خانەوادەیێکی گەلێ تەبا و پڕ خۆشەویستی پێکەوە نا قازی کوڕێک و حەوت کچی هەبوو. ئەگەر چی تا ڕادەیێک لەخوێندن دوورکەوتەوە بەڵام بەقسەی زۆربەی خەڵکی مهاباد پیاوێکی دنیادیدە و شارەزا بوو جگە لە کاری مەزهەبی شارەزای مەسەلەکانی دی وەک مەسەلەی سیاسی. ئابووری. کۆمەڵایەتی بوو کەسێکی پتەو و تاڕادەیێک رەفتار دکتاتۆر بوو. ئەگەر چی لەڕوودا ئەوەی نەدەنواند. قازی زاتێکی چاک و بەدەم و زمان بوو. لە ئاخافتندا عادەتی وابوو رستەی کورت کورت بەکار بێنێ. ئەڵبەتە توانای سەیر لەڕستەی کورتدا هەیە. پاش هەر سێ چوار کەلیمەیێک هەڵوێستێکی دەکرد. قازی هەمیشە لەگەڵ ئەو بیانییانە کە لەوەخت و ناوەختا دیدەنی مهابادیان دەکرد گەلێ بەڕێزەوە رەفتاری لەگەڵ دەکردن. دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا گەرم بوو.

چەند نێردراوێکی پروتستانی ئەمریکا و دکتۆرێکی ئەڵمانی لە مهاباددا دەژیان و لەگەڵ قازیدا دۆستایەتییان هەبوو. ساڵی ١٩٤٢ هێرشی هۆز و عەشیرەتەکان بۆ مهاباد- کە هێرشێکی گەلێ ترسناک بوو- (میس دال خانم) تەنها کەسێکی ئەورووپی بوو لە مهاباددا دەژیا. ئەو شەوە کوڕە گەنجەکەی بردە ماڵی قازی و لەژێر چاودێری ئەودا شاردییەوە پاش ماوەیێک دۆستە

رووسەکانی قازی دەستیان وەردایە ناوچەکە و دەسەڵاتیان بەسەرا گرت. رەفتاری قازی لەگەڵ دۆستە ئەورووپی و ئەمریکییەکانی گەلێ بەوریاییيەوە بوو.

پاش ئەوەی ناوچەکە بەهۆی لەنێو دەرچوونی هێزی ئێران و دەرچوونی هێزی رووسەکان بۆشاییێک پەیدا بوو دەسەڵات کەوتە ژێر دەستی کەسێک کە لە هەموو روویێکەوە شایستەگی ئاگاداری ناوچەکەی هەبوو. دەیتوانی کێشەکانی ناو شار چارەسەر کات و رووبەڕووی عێل و هۆزە فەرهودکەرەکانیش بووەستێ.

برا گەنجەکەی قازی محمد (ابو القاسم صەدری قازی) کە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو کەسێکی گەلێ دانا و رووخۆش بووە. رەفتاری لەگەڵ خەڵکیدا گەرم و پڕ خۆشەویستی بوو. لە سەردەمی گەنجێتیدا لە بنەماڵەیێکی گەلێ بەڕێز ژنی خواستبوو. رەفیقانی گەلێ خۆشیان دەویست. خەڵکی شاریش رێزی تایبەتییان بۆ هەبوو. لە ساڵی ١٩٤٣ کاندیدی (هەڵبژێراو)ی شاری مهاباد بوو لە پەرلەمان.

لەپڕ لە کوردستانەوە راپۆرت گەیشتە تاران کە صەدری قازی لەگەڵ چەند نمایندەیێکی (تودە)و رووسەکان کە لە ئازەربایجاندا بوون. دیداریان کردووە و دەستی هاوکارییان بۆ یەک درێژ کردووە.



هەڵە ترسناکەکەی صەدری قازی لەوەدا بوو کە لە پەرلەماندا بەتوندی هێرشی بردبووە سەر سوپای ئێران و هەروەها پشتگیری حیزبی (تودە)یشی کردبوو ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی هێزی زیاتر ببەخشێتە ئەو راپۆرتەی کە لە کوردستانەوە لەسەریان نووسیبوو.

سێیەمین کەس لە بنەماڵەی قازی کە بەدەسپێکردنی حکومەت سەرکەوت و بەکۆتایی هاتنیشی کەوت ئامۆزاکەی (محمد حسین- ی سەیفی قازی) بوو باوکی (ابو الحسن سیفی قازی) نازناوی (سیف القضات)ی هەبوو بە واتای شمشیر یا هێزی قازییەکانە (سەیفی قوزاتی خوالێخۆش بوو لە ئەدیب و شاعیرە ناودارەکانی کورد دەژمێردرێت).

لە ساڵی ١٩٤٥دا محمد حسینی سەیفی قازی نزیکەی ٤٢ ساڵ تەمەنی هەبوو. گەلێ قەڵەوو کەتە لە دەڤەری نزیک میاندواو خاوەنی شەش دێی گەورە و چاک بوو. مەشروب خۆرێکی بێ ڕەزا و عەجایەب بوو هەمیشە بەدەم ئێشی گەدە و ناو سکییەوە دەتلایەوە. لەبەر قەڵەوی هەمیشە دەچووە لای پزیشک تا فرسەتی وەدەست هێنا و دووجار سەفەری باکۆی کرد. پاش ئەم دوو سەفەرە بەرەو چارەنووسی جەرگبڕ و دڵتەزێنی خۆی رووەو مهاباد گەڕایەوە.

## کۆمەڵەی "ژ. ک" و
## چۆنیەتی لەدایکبوونی

رۆژی شانزەی سێپتەمبەری ١٩٤٢ کۆمەڵێ لە خەڵکی مهاباد کە لە بنەماڵەی ریزی دووەم بوون لە شار هاتنە دەرێ و لە جادەی پڕ لە گەرد و خاکی ورمێ وە بەرەو لای درەختەکانی باغی حاجی داود کەوتنە رێ.

لاوترین کەسانی ئەو کۆمەڵەیە (رەحمان حلوی) بوو کە تەمەنی ١٩ ساڵان و لە ورمێدا خوێندنی تەواو کرد بوو. بە تەمەنترینیشیان (مەلا عبداللە داودی) بوو کە تەمەنی ٥٠ ساڵ و مەئموری تووتن بوو لە ئیدارەی سیگار. ئەو کۆمەڵەیە پانزە کەس بوون.

ئەو رۆژە دەربارەی میللەت گفتوگۆیان کرد و بەپێویستیان زانی رێکخراوێکی سیاسی دامەزرێنن هەموویان لەو باوەڕەدا



بوون تا چەند ساڵی داهاتوو کەمترین نیازیان بەدەرێ نەبێ. تەنها ئەوەی پێویست بێ کە کوردان لەڕێی ئاشنا بوونی بەمێژووی خۆی ئاستی فکری بەرز کرێتەوە و واقیعیەتی مەسەلەکان بگەیەننە گوێی هەموو کەسێ. هەروەها چاوەڕێی رانمایی کوردەکانی عێراقیان دەکرد. ئەو کەسە عێراقییەی ئەو رۆژە لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا بوو و پەیامی کوردەکانی عێراقی پێ بوو ئەفسەرێکی سوپای عێراق بوو بە نێوی (میر حاج) لەو رۆژانەدا میر حاج لە عێراقدا رێکخراوێکی سیاسی بە نێوی (هیوا)وە دامەزراندبوو.

## پێشەکییەکانی دامەزراندنی کۆماری مهاباد

کاتێ نوێنەرانی کورد لە باکۆ گەڕانەوە. هەموو خەڵک بەپەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەیان بوون تا مەسەلەی کورد بگەیەننە سەر ئەنجامێک. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە ناوچەکە لەلایەن هێزی رووسیاوە داگیر کرابوو. تەواوی پیاوانی شار و لادێکان چەکدار ببوون. ئەگەر چی کەم و کوڕی لە گۆڕێدا هەبوو بەڵام هەر ماڵەو بەلای کەمەوە تفەنگێکی هەبوو. بۆ وەدەست هێنانی چەکی پێویستی حیزبی دیموکراتی کوردستان (قازی محمد) لە مهابادا پەیوەندی بە نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت (بابایوف)ەوە کرد و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد.

شەوێ لە شەوانی مانگی دیسەمبەر چەند رۆژ پاش دەست بەسەراگرتنی پۆستی ژاندرمیری ورمێ لەلایەن هێزەکانی



ئازەربایجانەوە چەند کامیۆنی پڕ لە چەک بەسەر پردی سووری مهاباد (ئەم پردە لە ڕۆژئاوای مهاباد بوو و بەرەو سێ سەد ساڵ لەوەبەر دەگەڕایەوە و یادگاری بداق سوڵتانی مهاباد بوو پاش ئەوەی بەربەستی مهاباد دروست کرا رەونەقی نەما و بەجێ هێڵرا .). لە جادە کۆنەکەی ورمێ وە و لایتەکانیان کوژاندبووەوە. هاتنە ناو شاری مهابادەوە.

لە جادە و کۆڵانە باریک و چۆڵەکانی شاردا و لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەوە هەزار و دوو سەد پارچە چەک بە کامیونێک بەرەو مهاباد نێردرابوون. کە پۆستی ژاندرمیری ورمێ وەدەسکەوت گیرا بوو لەژێر چاودێری ئەفسەرێکی رووسی کامیونەکان خاڵی کران.

ئەمە یەکەم کۆمەکی رووسیا بوو بۆ کوردەکان و بەئەوپەڕی دیقەت و نهێنییەوە ئەنجام درا . بەڵام کوردەکان کە لە باکۆدا چاویان بە بابایوف کەوتبوو دەیانوت. تۆپ و تانک و پێویستییەکانی سوپا ئێستا لە ڕووسیاوە بەرەو مهاباد خراونەتە ڕێ و لەم زووانەدا دەگەن.

## ئامانجی بارزانییەکان چی بوو

ماوەیێکی کەم پاش گەڕانەوەی نوێنەرانی کورد لە باکۆ. مەلا مستەفا لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارێ لە کێوەکانی (شنۆ)وە هاتە خوارێ لەنێوان ناوچەی (قەرە پاپاق) بە تەنیشت گوندی (قوم قەلعە) کە دەکەوێتە ١٠ کیلۆمەتری جادەی مهابادەوە هاتن.

مەلا مستەفای گەنج سەرکردایەتی سوپای ئەوانی لە ئەستۆدا بوو. (شێخ ئەحمەدی) برا گەورەی لەگەڵ بوو. ئەڵبەتە ئەو سەردەمە شێخ ئەحمەد گەورەترین و بەبایەخترین شەخسیەتی مەزهەبی نێوان بەرزانییەکان بوو.

لەو دەمەدا بەرزانییەکان و هاوپەیمانانیان بە ژن و منداڵەوە نزیکەی دە هەزار کەسێک دەبوون و لەنێوانی ئەماندا سێ هەزاریان چەکدار بوون. مەلا مستەفا ئومێدی گەورەی بە هەزار و دوو سەد کەسیان هەبوو. جگە لەوانەی کە پەیڕەوی شێخی بارزانیان دەکرد. وەک. شێروانی، مزووری باروشی و



دۆڵە مەرییەکان هێزی دی عێراق لەنێو بزووتنەوەکەدا بوون بەتایبەت چەند ئەفسەرێکی عێراق وەک میر حاج و مستەفا خۆشناو و خیر الله و عزەت عبدالعزیز و نوری لەلایەکی دییەوە نوێنەری بنەماڵەیەک کە (عبدالعزیز گەیلانی) کوڕە گەورەی شێخ عبداللە ئەفەندی بوو. بۆ سەرکردەیی کردنی کوردان لەگەڵ قازی محمددا مونافەسەی دەکرد.

پاش ماوەیێک عبدالعزیز هاتە مهاباد بۆ تەواو کردنی خوێندنی بەرز هەڵبژێردرا بچێتە رووسیا ئەمە فرسەتێ بوو مونافەسەی بنەماڵەی قازییەکان بکات و هەر ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت چاوەڕێی هاوکاری لە شێخ عبدالله دەکرد.

دەستەیێک لە کوردانی عێراق کە بەرزانی نەبوون پەیوەندییان بە مەلا مستەفاوە کرد و سوێندیان بەقورئان خوارد کە تا دوا دڵۆپی خوێن دەست لە خەباتی میللەتی کورد هەڵناگرن. ئەم کەسانەش پێک هاتبوون لە وەهاب محمد علی ئاغای جوندیانی نزیکی رەواندوز، دوو کوڕی سەید تەهای شەمزینان. سەید ئەحمەد و شێخ جیتۆ- لە دێی باتاس لەگەڵ پەنجا کەسی موهاجیری تورکیا کە لەوێدا نیشتەجێ ببوون هەر لەو جێیەدا سەید ئەحمەد مارەیی کچێکی دەوڵەمەند و بەدەسەڵاتی (قەرە پاپاق) لەخۆی دەبڕێ.

مەلا مستەفا لە یەکەم دیداری لەگەڵ قازی محمەددا پەیمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکەی خۆی لە ئیختیاری بزووتنەوەی کورددا بێ و سوور بوو لەسەر ئەوەی سێ هەزار چەکدارەکەی بە ژن و مناڵیانەوە لە مهاباد نیشتەجێ بکرێن و ناوو نیشانیان تۆمار بکرێ ئەگەر چی تا رادەیێک لەو ماوەیەدا بەشێ لە مێژووی ژیانی مەلا مستەفا نادیار و تاریکە بەڵام ئەوە دەردەکەوێ کە هەموو فرسەتێکی دەقۆزتەوە تا بەدگومانی رووسەکان لە خۆی دوور خاتەوە کە لەسەر هەندێ لە کارەکانی رابردووی بنیات نرابوو.



## حیزبی دیموکراتی کوردستان

وردە وردە رانماییەکانی جەعفەر باقرۆف دەربارەی گۆڕینی کۆمەڵەی (ژ. کاف) بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتنە ئەنجام. تا هەموو کارەکان ئامادە بوون بیست رۆژی کێشا . لە سێپتەمبەری ١٩٤٥دا هاشموف ی کونسڵی رووس لە ورمێ بارەگای پێوەندی رۆشنبیری لە مهابادا کردەوە. ژ. کاف تا ئەو کاتە هەموو کارەکانی نهێنی بوو و چ جێیەکی نەبوو بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و کۆڕ سازدان.

شەست سەرەک هۆز لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا لەلایەن قازی محمدەوە دەعوەت کران. لێپرسراوانی رووس بەپێچەوانەی بڕیاری دەوڵەتی خۆیان لەم کۆبوونەوەیەدا دوور کەوتنەوە و ئیدارەی کۆبوونەوەکەیان دایە دەستی خودی کوردەکانەوە.

وەک هەمیشە قسەکانی قازی محمد ئارام و لەسەرەخۆ بوو.

باس لە مەسەلەی سەفەرەکەی باکۆ کرا و پێشنیارەکەی (باقرۆف)ی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. کافی وەبیر هێنانەوە و گوتێ:

پێویست دەکات ناوی بگۆڕدرێت و ناشێ چیدی کارەکانی نهێنی بێت و دەبێ بەپێی دیموکراسی کارەکانی وەئەنجام بێنێت. برایانی رووسیش کۆمەکی پێویست پێشکەش بە حیزبی نوێ دەکەن.

لە کۆتاییدا گوتی:

"ئایا کەسێ پرسیارێکی هەیە؟ ئایا پێویست بە شەرح و تەفسیری تر دەکات؟"

وەڵامیان دایەوە. نە ء..

بڕیاری پێویست درا لەم کۆبوونەوەیەدا دەربارەی ئایندەی حکومەتی کوردستانی ئۆتۆنۆم چ باسێ نەکرا. ئەڵبەتە ئامادەبووان پێش وەخت ئاگاداری وەعدەکانی باقرۆف بوون. لەگەڵ گۆڕانی ناوی کۆمەڵەی ژێ کاف گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ناوەرۆکیدا رووی نەدا کۆمیتەی مەرکەزی نەگۆڕدرا. قازی محمد وەک چۆن لە کۆمیتەی مەرکەزی ژێ کافدا ئەندام نەبوو. هەروەها لە حیزبی نوێشدا تەنها ئەندامێکی سادە بوو یانی هیچ کاتێ نەبووەتە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی.



بزووتنەوەکە لەلای قازیدا بایەخی دەدرایێ و پەلەی دەکرد. ئەڵبەتە لەپشتی پەردەوە هەمیشە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە رانمایی دەکرا لە کۆتاییدا توانییان رێڕەوی کۆمەڵەی ژێ کاف بەرەو لایێکی دی ببەن.

حیزبی نوێ بەرنامە و پرۆگرامی هەموو بەندەکانیشی پێک هاتبوو لە:

١- میللەتی کورد لە ئێراندا خاوەنی ئیدارەی ناوخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتی کورد وەدەست بهێنرێت.

٢- بەزمانی کوردی بخوێنرێت و ئەم زمانە بەڕەسمی بناسرێت.

٣- ئەنجومەنی ولایەتی کوردستان بەپێی قانوونی ئەساس هەڵبژێردرێت و لە قەوارەی کارەکانی کۆمەلایەتی و دەوڵەتیدا بەشداری بکات.

٤- مەئمورەکانی دەوڵەت لە ناوچەکەدا دەبێ خەڵکانی ناوچەکە بن.

٥- تەواوی دەسهاتی ناوچەکە دەبێ بۆ خودی ناوچەکە سەرف بکرێ.

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵی تایبەتی دەدات

میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی لە ئازەربایجاندا دەژین (ئاشوری و ئەرمەنی و.. هتد) یەکێتی و برایەتییان لە نێواندا بچەسپێنێت.

حزبی دیموکرات بەهۆی سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان پەرە بەکاروباری کشتوکاڵ و بازرگانی و رۆشنبیری و تەندروستی بدات بۆ گۆڕینی وەزعی ئابووری و مەعنەوی میللەتی کورد تێبکۆشێ. بەم شێوەیە بزووتنەوەی کورد رەنگی دیموکراسی بەخۆیەوە گرت.

کاتێ کە کۆمەڵەی ژێ کاف قەوارەی وەردەگرت کۆششی فراوان دەکرا کە رێکخراوێکی نوێ بێتە کایەوە تا بتوانێ تەئسیر بکاتە سەر ناوچەکە. گەلێ جاریش بۆ ئەم کارە سوود لە رانمایی و تاقیکردنەوەکانی یەکێتی سۆڤیەت وەردەگیرا.

بزووتنەوەی تازە رابەری خۆی هەبوو. ئەو رۆژگارەی ستالینی. دیقەت و وەسواسی فراوان بۆ دامەزراندنی ئەو رابەرە لەگۆڕێدا بوو، ئەو کەسەیش جگە لە قازی محمد چ کەسێکی دی نەبوو. گەلێ لە ئەندامە کۆنەکانی ژێ کاف لێی دەترسان چونکە هێزی شەخسیەتی ئەو هەموو شتێکی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەروەها لەلایەن رووسەکانەوە کۆمەکی پێویستیش دەکرا. قازی بیریشی لەوە کردبووەوە کە ڕەنگە رۆژێ سیاسەتی سۆڤیەت بگۆڕێ و دژ



بەکوردان بێ بەڵام دەیگوت لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوان سەرکەوتنی میللەتی کوردیان مسۆگەر کردووە. لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر کوردستاندا قازی وەک کوردێکی ناسیۆنالیستی بەڵام هەندێ بەدڵ سەختی توانی زۆربەی خەڵک لە یەک ریزدا ساز دا. جگە لە چەند کەسێکی هاوناوچەی خۆی نەبێ. کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوون.

یەکێ لەو کەسانەی کە دوودڵ بوو کەسێکی ناسراوی عێلی دهبەکری بۆکان بەناوی قاسم ئاغای ئیلخانی زادە بوو. ناوبراو دەعوەتەکەی ژەنەڕاڵ ئەتاکشی ئیف کە بۆ باکۆ دەعوەتی کردبوون لەبەرئەوە قەبول کرد بەڵکو بتوانێ کارێ بکات جێ پێی کوردان قایم بکات و سوودێکیش لەوانەوە بۆ کوردەکان وەدەست بێنێ. ئەو لەوێدا بەم شێوەیە دەستنیشانی کردبوو کە ئامانجی سەرەکی باقروف ئەوەیە کە ناوچەکە لە ئێران دابڕێ و بیداتە دەمی سۆڤیەتەوە. ئەوەی کە بەناڕێکیش لە مێشکیاندا چەسپیوە مافی میللەتی کوردە. قاسم ئاغا لە بۆکاندا چاوی بە کاک حەمزەی نەلاس کەوت. ئەویشی بەدگومان کرد. کاتێ کە قاسم ئاغا لە باکۆ گەڕایەوە لە بری ئەوەی بچێتە مهاباد و جێیەک بۆ خۆی بکاتەوە. کەچی چووە تەورێز و چەند هەفتەیەک لەوێ مایەوە. کاری کردە سەر چەند

کەسێ و دوودڵی کردن. لە کۆتاییشدا ئەو کارەی بووە هۆی ئەوە سەرانی دی دەبەکری پەیوەندی بە سەرلەشکر (همایونی) فەرماندەی سوپای ئێران بەشی کۆماری کوردستانەوە بکەن. هەر لەو دەمەدا کەسانێکی زۆر لە مهاباددا بەرانبەر بەقاسم ئاغا بەدبین بوون.

بەشێ لە هێزەکانی رووس لە ئەوروپادا سەرکەوتنیشەی وەدەست هێنابوو ئەم کارەیش کاری کردە سەر هێزەکانی رووسیا کە لە باکوری رۆژئاوای ئێراندا بوون.

هەموو لێپرسراوەکانی رووس لەو باوەڕەدا بوون قەناعەت بە کوردە سەرپێچ کەرەکان بێنن کە بەبێ کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەت هەرگیز کورد ئازادی وەدەست ناهێنێ و بەبێ چاوەدێری ئەوان هەموو جۆرە کۆششێک شکست دەهێنێ.



## ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان

لە نیوەی مانگی نۆڤەمبەر چریکی چەکدار کە بەشێکی موهاجری ئازەربایجانی سۆڤیەتیان لەگەڵدا بوو بۆ داگیر کردنی ئازەربایجان و یاریدەدانی هێزی هێرشبەری رووس هاتنە ناوچەکە. سوپای ئێرانیان ناچار کرد تەورێز بەجێ بێڵێ. ژاندرمیری و شارەوانی بەرهێرشی خەڵکەکە کەوتن و فەرهود کران. دائیرەکانی دەوڵەت لەلایەن ئەم هێزانەوە داگیر کران و هەموو پەیوەندییەکانیان بە ئێرانەوە پچڕا. بەشێ لە سوپای ئێران لە تەورێز مابۆوە. توانای دەرچوونی نەبوو. رووسەکان گەلێ بەئەدەبەوە رەفتاریان لەگەڵ دەکرد.

هێزی رووس پایەی بەهێزتر دەبوو. ئەمەیش بەهۆی ئەوەوە بوو کە چیدی رێی گەڕانەوەی هێزی ئێران بۆ تەورێز نەمابوو. کۆششی ئێران بۆ ناردنی هێزی کۆمەک تا رێ لە ڕووسەکان بگرن، کۆششێکی نەزۆک بوو. ئێران دەربارەی چۆنیەتی بەهێز

بوونی هێزی رووس لە ئازەربایجان زانیاری تازەی وەدەست هێنا بوو. هەر بەهۆی ئەمەوە حکومەتی ئێران لە حەڤدەی نۆڤەمبەردا کە رووسەکان لە قەزوێن بەردەمی دوو فەوجی ئێرانیان گرتبوو. ئاگادار کرانەوە دەربارەی هەموو پرسیار و جەوابێ دەربارەی ئێران وەڵامی سلبی دەدرایەوە.

لە مانگی دیسەمبەری ١٩٤٥دا لە مۆسکۆ دوو کەس بەنێوی بایەنز و بوین گەلێ هەوڵیان دا بەڵکو گرفت و کێشەی ئازەربایجان لە چوارچێوەی یەک ریفۆرمی ئوستانی لە ئێراندا حەل و فەسڵ بکرێ بەڵام کۆششی ئەوان لەلایەن ژوزیف ستالینەوە رەت کرایەوە. چونکە باوەڕی وابوو کە گەلێ زەحمەتە ئێران وەک وڵاتێکی یەک پارچە بمێنێتەوە و دەوام بکات.

چەند چاوێکی تیژ بین لەو ماوەیەدا بەدووی مەسەلەی کوردستانەوە بوون و لەگەڵ مەسەلەی ئازەربایجان– کە بێگومان زادەیێکی ناشەرعی کوردستان بوو– بەراوردی دەکرد.

یەکەم وەعدێ کە رووسەکان لە باکۆدا دابوویان لە مانگی نۆڤەمبەردا بەناردنی ماشینێکی چاپ ئەنجام درا. گەلێکیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکرا کە دەبێ ئەم کارە بەنهێنی ئەنجام بدرێ. لەپێشدا (وەصڵ– فاکتور–ی) فرۆشتن ئامادە کرا و



نووسرا کە نرخی سەد هەزار تمەنە و نزیکەی دوو هەزار دۆلارە کە ئەم پارەیەش دراوەتە رووسەکان.

هەر کە ئەو ماشێنی چاپە گەیشتە جێ– بڵاوکراوەی کوردی وەک (کوردستان) چاپ و بڵاوکرایەوە و ژێرخانی بزووتنەوە و ژێر خانی حیزیی تازە رۆژ بەڕۆژ بەرجەستە و مەحکەمتر دەبوو. جەعفەری پێشەوەری و هاوکارە رووسەکانی لە تەورێزدا ئامادە بوون.

رۆژی ١٢ی دیسەمبەر ئەنجومەنی میللی ئوستان بە بەشداری ١٠١ نوێنەر کە لەلایەن حیزبی (فرقەی) دیموکراتی ئازەربایجان دامەزرابوون. دەستیان بەکار کرد. بەشێوەیەکی زانستی و مەنتقی باسی مەسەلەکە کرا کە مەسەلەی جوداخوازی و ئیستقلال نییە بەڵکو تەنها ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی ئێراندایە و هەروەک چۆن لە قانونی ئەساسی ئێراندا دەستنیشان کراوە کە دەبێ لە هەر ناوچەیێک (ئەنجومەنی ولایەت) هەڵبژێردرێت و کارەکان بگرێتە دەست. موڵکدارەکان دڵنیا کران کە نابێ بترسن. بەڵام لە هەمان ئەنجومەندا چەند کارێکی شۆڕشگێڕی کرا وەک خۆماڵی کردنی بانقەکان و دابەشکردنی زەوی. ناسینی زمانی تورکی بە زمانی رەسمی لە قوتابخانە و دائیرەکان.

لێپرسراوانی رووس هەوڵیان دەدا ئەم مەسەلەیە بەچکۆڵەتر

لە ئەندازەی واقعی خۆی نیشان بدەن. جار جارەش بەپێچەوانەی ویستی ئەنجومەن قسانیان دەکرد. لە کۆتاییشدا نەپێشنیازی چاک و نەبڕیاریان دا.

بەپێی رانمایی لێپرسراوانی رووس قازی محمد لیژنەیێکی پێنج نەفەری بەناوی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات هەڵبژارد و بەرەو تەورێزی ناردن تا بەشداری کارەکانی ئەنجوومەن بکەن. ئەو پێنج کەسەش ئەمانە بوون. ئامۆزای قازی (سەیفی قازی) حاجی مستەفای داودی. مەنافی کەریمی. کەریمی ئەحمەدین وەهابی بلوریان لە تەورێزدا پێشوازی لەم پێنج کەسە نەکرا. بەنێوی نوێنەرانی کوردستانی ئازاد و موستەقیل بەڵکو تەنها بەنێوی نوێنەرانی بەشێ لە ئازەربایجان قەبووڵ کران. بەشداران لەو دانیشتنەدا چ مافێکیان هەبوو هەر هەمان مافیش بۆ ئەوان دەستنیشان کرا. ئەوانیش هەر زوو پەیان بەوە برد کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی نوێدا ئەمان تەنها دەتوانن (ئەنجومەنی شارێک بن) ئەویش کەم دەسەڵاتتر لە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان و دەبێ لەژێر دەسەڵات و چاوەدێری ئەوانیشدا بن.

ئەگەر چی کوردەکان ئەم پێشبینییەیان دەکرد کە ئازەربایجانی دراوسێیان ئەم جۆرە مانۆڕە دەکات بەڵام لەبەر خاتری هاوڕێیانی رووس و بۆ ئەوەی سەرپێچیش نەکەن هەر



کاتێ بگوترابا نوێنەرتان بۆ تەورێز بنێرن دووبارە نمایندەیان دەنارد.

پاش سێ جار بەشدار بوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لە تەورێز پێنج کەسە نوێنەرەکان بەرەو مهاباد گەڕانەوە تا بێزاری خۆیان لەم رووەوە دەربڕن.

## ئۆتۆنۆمی کوردستان

له باکۆدا باقرۆف قەولی قەطعی دابوو خۆیشی بە بەرپرسیار دەزانی بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان مسۆگەر بکات نەشدەکرا ئەم جۆرە کارەیش تا ماوەیەکی نادیاری بە مۆڵەقی بمێنێتەوە.

تا ئەو کاتە قازی بەرانبەر بەخواستی راوێژکارانی رووس- کە سەرنج و تێبینییان بۆ ئایندەی کوردستان گەلێ زەرووری بوو- بەوریاییەوە رەفتاری دەکرد و ئەمڕۆو سبەی لەگەڵدا دەکردن. بەڵام رۆژی حەڤدەی دیسەمبەر هەست کەوتە سەر وریا بوون و ئایندەی کوردستان دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرت.

کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب بووە کۆڕەوێکی گەورە و بەرانبەر بەدائیرەی دادگستری - عدل- کە دوا نیشانەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو لە مهاباد. خەڵکەکە داوایان دەکرد ئەو



دائیرەیە بسووتێنرێ. بەڵام لەبەرئەوەی (موعتەدیلەکان) دەسەڵاتیان بەسەر وەزعدا هەبوو ئەم کارە نەکرا. بەڵام گەلێ دەسرێژی هەوائی دەکرا. لەسەر سەربانی ئەو دائیرەیەدا ئاڵای کوردستان بەرز کرایەوە..

لە کۆتایی مانگی دیسەمبەر قازی محمد دوو نوێنەری بەرەو تەورێز نارد لەگەڵ کونسلی بەریتانیا گفتوگۆ بکەن و هەلومەرجی پێویست بەدەست بێنن تا لە ئایندەدا دەزگا بڵند پایەکانی بەریتانیا و وڵاتانی دیی گەورەی رۆژئاوا پەیوەندییان بەڕەسمی و ئازاد لەگەڵ کوردستاندا ببێت. ئەو دوو نوێنەرەیش عبدالرحمانی زەبیحی و عەلی ریحانی بوون. بەپێی سەرنج و تێبینی نوێنەرەکان وەڵامی کونسلی بەریتانیا نادیار و جێی چ ئومێدێ نەبوو. قازی خۆی بەرەو تەورێز چوو تا لەوێدا لەگەڵ پێشەوەری و مەسئولەکانی رووس- دەربارەی ئامانج و ئارەزووی خەڵکی کورد گفتوگۆ بکات.

کاتێ کە بەرەو مهاباد گەڕایەوە ماوەیێک خەریکی لێکۆڵینەوەی بیرو بۆچوونی خەڵک بوو. تاڕادەیەک فەرمانڕەواییەکەی لەنێو بزووتنەوەی میللیدا کەم بووە. بەشێوەیەکی نهێنیش خۆی بۆ رۆژی ٢٢ ژانوی ١٩٤٦ ئامادە دەکرد کە دەبا لەو رۆژەدا بەڕەسمی ئیعلانی ئۆتۆنۆمی کوردان بکات.

پاش چەند ڕۆژێ قـــازی دەربـارەی بڕیـارەکـــەی پـەیوەنـدی ئـستوان (مـلازم) (نەماز علیوف) ئەفسـەری سیاسـی لە مـهاباد (پرماتوف) کرد و گفتوگۆی لەگەڵدا کردن. تا لە ڕۆژی حەڤدەی ژانوی باسـەکـە لە شـار چووە دەرێ و کەوتە نێـو هۆز و عێل و عـەشـیـرەتـەکـانەوە لە دامـێـنی کـێـوە بەرزەکـانـەوە بەرەو دۆڵە دڵڕفـێنەکـانی کـوردسـتـان هـەواڵـەکـە بڵاو بووەوە. (ئـامـادەبن کـۆڕەوێکی مـەزن و مـێـژوویی (لـەڕۆژی ٢٢ ژانوی) لە مـەیدانی چوارچرای مهاباد ساز دەدرێ.

ڕۆژێ بـەر لە ٢٢ ژانـوی چەند کـــەســـانێ لـە گـــەورەترین مـزگـەوتی شــاردا کـۆبوونـەوە دەربارەی ئۆتۆنـۆمی کـوردان و بەرنـامـــە و پرۆگـــرامی ڕۆژی داهـاتوویان دایـە بەر ســـەرنج و لێکۆڵینەوە و ڕاگۆڕینەوە.



## کۆمار لە ٢٢ی ژانوی ١٩٤٦
## قەوارە وەردەگرێ

هـەرچـەنـدە ڕۆژی پێـشـوو بەفـر دەباری. بـەڵام بەرە بەیانی ڕۆژی ٢٢ ژانـوی هـەوا خـــۆش و هـەتـاو دیار بـوو وەک ئـەوەی بڵـــێـی سـروشت لەگەڵ خـەڵکیدا هاوبەشـی خۆشی دەکات. خـەڵکێکی زۆر لە مەیدانی چوارچرادا ئامادە بوون. دوو شـەقـامی گەورە و ســەرەکی شـار بەئاڵای کـوردسـتـان ڕازابوونـەوە. لەنێـوان ئەو کـۆمـەڵە چڕەی خـەڵکدا هـەندێ کـەس بەرێکوپێکی و لە دووری ١٠٠ مەتری مـاڵی قازی کە دەیڕوانییە شاری مـهاباد لە نزیکی سەکۆیێکدا کە لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای مەیداندا دامەزرا بوو وەستا بوون. لەپێشدا کۆمەڵێ منداڵ کوڕ و کچ بەپۆشاکی جوان و ڕەنگاوڕەنگەوە وەسـتـا بوون. ژنانیش لە سـەربـان و لە پشـتـی پەنجـەرەکانەوە سـەیریان دەکرد. ئەمەیش نیشـانەی ئەوە بوو کە ژنان لە مەسـەلەکەوە دوور بوون.

ئەو دەستە خەڵکە کە لەبەر چاودا زیاد سەرنج ڕاکێش نەبوون بەڵام لە واقیعدا بناغە و بنەڕەتی دروستبوونی بزووتنەوەکە بوون. ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. چەند کەسێکی کامڵ و چەند لاوێک کە لە بنەماڵەی ریزی باڵای مهاباد بوون پۆشاکی مۆدی رۆژئاواییان لەبەردابوو هەندێکیش سەرو مێزەری تایبەتی کوردانیان لەسەر بوو.

کەسانی بەرجەستە و سەرەک عێلەکانی مامش، مەنگور، گورگ و زرزا بەشدار بوون. دانیشتووانی سنووری عێراق کە پۆشاکی کوردستانی باشووریان پۆشیبوو ئامادە ببوون. نوێنەرانی عێلی هەرکی و بەگزادە و بەرزانییەکان کە پۆشاکی تایبەتی دەسکردی خۆیان لەبەر بوو لەوێدا وەستا بوون.

هەندێک پۆشاکی سوور یا سپی و سەرو مێزەریان لەسەردا بوو. ئەوانەی کلێتەیان لەسەر نابوو کوردەکانی شکاک و جەلالی بوون. لە باکووری دوورەوە هاتبوون.

چ کەسێکی رووسی لە نێوان ئەو خەڵکەدا نەبوو جگە لە (پرماکوف) کە جێگای ژیانی لە تەورێز بوو لەکاتێکدا کە لەنێو جێبێکدا دانیشتبوو لە دوورەوە سەرنجی وەزعەکەی دەدا.

قازی چووە سەر سەکۆکە و بەدەنگە ئارام و پڕ لە دڵنیاییەکەی خۆی دەستی پێ کرد. (مەردومی کورد تاقە



مەردومێکە سەرزەمینیان داگیر و دابەش کراوە و لە بچکۆلەترین مافێ کە مافی چارەنووسی خۆیەتی بێ بەشن...)

لەنێوان چەپڵە و شادی خەڵکەکە قازی گەلێ سوپاسی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی کرد هەروەها سوپاسی تایبەتی خۆی پێشکەش بەمیللەت کرد کە کاری رابەرییان بەو سپاردووە. پاشان عەبا لەمۆد کەوتووەکەی دەرهێنا. بەڕێزەوە لە کەنار داینا عەبا سپییەکەی کە نیشانەی رابەری مەزهەبی بوو لەسەر لادا. لە بری عەبا دەستێ جلی سوپایی رووسی کە لە تەورێزدا دوورا بوو لەبەر کرد. ئەگەر چی پێویستی دەکرد کڵاوی سوپایی لەسەر کات بەڵام لەلایەن هەندێ لە دۆستانەوە بەتایبەت (جەنابی مەلا عبداللەی مودەریس) فەتوا درا. عەمامەی سپی لەسەر نێ ئەویش سەبارەت بەوەی رابەری مەزهەبیشە. قازیش قەبووڵی کرد.

قازی ئەو پۆشاکەی تەنها ئەو رۆژە پۆشی. پاشان ئەو جۆرە پۆشاکە هەڵبژێردرا بەپۆشاکی سوپایی. زۆربەی سەران و مەسئولان دەیانپۆشی.

گوفتارەکەی قازی لە چارەکە سەعاتێ زیاتر درێژەی نەکێشا. بەڵام لەو ماوەیەدا لە لابەلای قسەکانیا سوپاسگوزاری هەموو جۆرە کۆمەکی مادی و مەعنەوی یەکێتی سۆڤیێتی کرد و هەروەها بەبۆنەی وەدەست هێنانی ماف

پیرۆزبایی لە براکانی ئازەربایجانی کرد و ئەوەی دووپات کرد کە دەبێ زیاتر ئاگایان لەیەکدی بێ.

هەرکە قازی لەسەر سەکۆکەوە هاتە خوارێ سێسەد کەسی تفەنگچی شادی خۆیان بەوە دەربڕی تەقەی هەوائییان دەکرد و هەر کەسەو پێنج فیشەکی تەقاند. بەڵام لەپڕ مەسەلەیەک هاتە پێشەوە خەریک بوو ئەو شادییە بکاتە ناخۆشی.

کاتێ قازی لە سەرووی جێگەکەدا بوو کۆمەڵێک لە سەرەک هۆز و عەشیرەتە گەورەکانی شار و دەوروبەر پیرۆزباییان لێ دەکرد کاتێ کە نۆرە هاتە سەر (زیرۆ بەگ) چووە سەر سەکۆکە و بەتوندی هێرشی بردە سەر (شێخ عبداللە ئەفەندی گەیلانی)و گوتی لە بزووتنەوەی میللی کورداندا چ کارێکی چاکی نەبووە و بە جاسوسی ئینگلیزیش لە قەڵەمی دا. بەم قسانەی زێرۆ بەگ دەمارگیری کەوتە نێوەوە و لەهەر لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەوە.

کوڕە گەنجەکەی (شێخ سەید عبدالعزیز) کە لەنێوان خەڵکەکەدا بوو لەسوپای عێراقی دەسبەرداری کاری خۆی ببوو و پەیوەندیی بەبزووتنەوەی میللی کرد بوو. چووە سەرووی جێگەکەوە تا بەرگری لە باوکی بکات.

پاش ئەو یەکسەر قازی محمد بۆ پشتگیری شێخ عبداللە قسەی کرد و تۆمەتەکانی زێرۆ بەگی بەپڕوپووچ و بێ ئەساس



خستە روو. قسەکانی کاریگەر بوون و جارێکی دی خەڵکەکە ئارام بوونەوە.

هەندێ لە کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون (نەماز علیوف) زێرۆ بەگی فیت داوە تا ئەو کارە بکات چونکە هەموو کەس دەیزانی کە (نەماز) بەرانبەر بە شێخ گەلێ بەدبینە و تۆمەتی ئەوەی دەخستە پاڵ کە گوایە شێخ پول لە بەریتانیا وەردەگرێ و هاوکارییان لەگەڵدا دەکات.

ئەو رۆژە شادی سەراپای شاری گرتبووەوە. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بۆ ساتێک نەدەوەستا. لە تەواوی شارا هەڵپەڕکێ ساز درابوو. کاتێ کە دەنگەکان ئارام بوونەوە و شاریش بێدەنگ، وەدیهێنەرانی کۆمار دڵنیا بوون کە سەرکەوتوون و سەرکەوتنەکەشیان بە پشتیوانی و کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەت دەتوانێ بەردەوامی بەخۆیەوە ببینێ.

# ئامادەبوون و دەستێوەردانی ڕووسەکان

دوو ڕۆژ پاش ئیعلانی جمهوریەت یەکێ لە تیرۆرە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕووی دا لە مانگی دیسەمبەردا دەسەڵات لە ئۆتۆنۆمی خواهەکانی ئازەربایجان وەرگیرابووەوە حیزبی کۆمونیست ڕابەری چاک و لەبەرچاوی نهێنی و جاسوسەکان لە هەموو شوێنێکدا بۆسەیان دانابوو. نەوەک هێزە کۆنەپەرستەکان دەست وەردەنە کاری چەپڕەوان.

موهاجیرە ئازەربایجانەکانی سۆڤیەتی- کە پاشان ناوەکەیان بەفرقەی دیموکراتی ئازەربایجان گۆڕدرا- پشتیوانییان لە حیزبی تودە دەکرد. ئەو کاتەش زۆربەی زەمیندار و دەوڵەمەندەکانی تەورێز چووبوونە تاران.

لە شاری مهاباددا ئەگەر چی شۆڕشی کۆمەڵایەتی قەوارەی



وەرنەگرتبوو گەرم و گوڕی بۆ دابەشکردنی زەوی لەگۆڕێدا بوو. ڕانماییەکانی کۆمۆنیستی پشتگوێ خرابوو. پۆلیسی نهێنی نەبوو لەگەڵ ئەم هەموو شتەیشدا مەیل و ئارەزوو بۆ ڕووسەکان نەبوو. ئەم حاڵەتەش دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هێنابوویانە کایەوە. ئەویش هەر بۆ ئەوەی بەڕووسەکانی نیشان دەن کە تا چ ڕادەیەک گوێ بیستی فەرمانەکانی ئەوانن. پیاهەڵدان و ستایشی ڕابەرە مەزنەکانی ڕووس هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. ناوی سوپای سوور هەموو گوێیەکی پڕ کردبوو. وێنەکانی ستالین لەسەر یەک چاپ دەکران و لە دائیرە و ماڵەکاندا هەڵدەواسرا و لەڕۆژی ٢٤ی کانوونی دووەما نەقیب (نەماز علیوف) ئاگاداری قازی محمدی کردەوە.

کە یەکێ لە کوردەکان بەناوی (غەفوری محمودیان) کە نوێنەری ڕادیۆ فرۆشی ساختی سۆڤیەت و مەجەر بوو لە ورمێ و تەورێز هەروەها نمایندەی فرۆشتنی قەند و شەکری دەوڵەتی ئێرانی لە مهاباد لە ئەستۆ گرتبوو بووەتە (مەئمورێکی دوو سەرە) لە یەک کاتدا بۆ ڕووس و ئێرانیش کار دەکات. پێشنیاری ئەوەی کرد کەسێکی ئاوها خەتەر دەبێ لەناو ببرێ. قازی تەنها بەوە قایل بوو بەندی بکات و گوتی: غەفور محمودیان دەستگیر بکرێ و ببرێ بۆ شارەوانی و لەوێدا تەحقیقی لەگەڵدا بکرێ.

سێ پۆلیس ئەویان دەستگیر کرد. لەڕێدا و لە کۆڵانی جوولەکەکانی مەهاباد دەیکوژن. ئەم کارە ڕووداوێکی ئیستسنائی بوو. بەپێی قسەی زۆربەی لێپرسراوان لە تەواوی تەمەنی کۆماردا ئەوە تەنها یەکەم تیرۆر بووە. پاش ئەم کارە ڕووسەکان ڕێیان لە دەوڵەمەند بوونی هەندێ لە مەسئولە کوردەکان گرت نەیاندەهێشت بەدڵخوازی خۆیان کار بکەن.

ڕووسەکان بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی تەواو بەسەر وەزعەکەدا بگرن لە ئازەربایجان و لە کوردستانیشا دەستەیەکی هەڵبژاردەی سوپایی و غەیرە سوپایی خۆیان نارد تا چاودێری و بەشداری هەموو کارێک بکەن.

ئەڵبەتە دەبێ ئەوە بخرێتە ڕوو کە یەکەم سەفەری نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ لە ساڵی ١٩٤١دا بوو. لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا ئەفسەرانی سوپای ڕووسی بەشدارییان دەکرد. لە نێوان ئەوانەدا دەبێ ناوی ژەنەڕاڵ (سەلیم ئەتاکشیوف) ببرێت. ناوبراو لە تەواوی ئەو ماوەیەی ڕووسەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئازەربایجاندا هەبوو. ئەمەی بەباڵاترین کاری سیاسی لەقەڵەم دەدا . یەکێکی دیی زیرەکیان نێوی سەرهەنگ (ئەسلانوف) بوو کە خۆی لە کوردەکانی ڕووس بوو و لەگەڵ کوردەکانی ئێرانیشدا پەیوەندی هەبوو. یەکێکی دییان (مستەفائوف) بوو کە پەیوەندی لەگەڵ کۆنسلگەری لە ورمێدا هەبوو. لەگەڵ یەکەم



کۆبوونەوەی نوێنەرانی کورد لە باکۆ ئامادە بوو ئەم دوو ئەفسەرەی دوایی ماوەیێکی زۆر لە ساڵی ١٩٤٥دا لە ناوچەکە نەمانەوە. هەر کە نەخشەکانی یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی مەسەلەی کوردستان و ئازەربایجان جێی خۆی گرت ناوچەکەیان جێهێشت.

لە ساڵی ١٩٤٥دا ژەنەڕاڵ (ئەتاکشیوف) لە تەورێزدا گەورەترین مەنسەبی هەبوو تا ساڵی ١٩٤٦ کە سوپای ڕووسیا ئازەربایجانی جێهێشت. هەر لەسەر هەمان مەنسەب مابووەوە. (ئەتاکشیوف) خۆی خەڵکی باکۆی ئازەربایجان بوو. تەمەنی نزیک بە٥٠ ساڵ دەبوو زۆر کات پۆشاکی غەیرە سوپایی دەپۆشی. کوردانی هاوڕێی ئەویان بەپیاوێکی زرنگ دەزانی. زۆربەی ڕۆژەکانیش بەر لەنیوەڕۆ بەئوتومبیل دەهاتە مەهاباد هەر هەمان ڕۆژیش بەرەو تەورێز دەگەڕایەوە. کە کوردان تووشی گرفتێ هاتبان بەپێویستیان زانیبا کە ڕووسەکان ئاگادار بکەنەوە. دەچوونە تەورێز چاویان بە ئەتاکشیوف یا بەمەسئولانی خوارووی ئەو دەکەوت و گرفتەکەیان دەخستە ڕوو.

پزیشکێکی کامل لە خەستەخانەی ڕووسەکان کە لەشەقامی پەهلەوی و نزیک بەباغی گوڵستان بوو ناوی (سەمەدوف) بوو و ژنە جوان و گەنجەکەشی پزیشکی چاو بوو. پزیشکێکی دیش

ناوی (قولیوف) بوو دۆست و هاوکاری نزیکی سەمەدوف بوو. گەر جارجارێ کارێ یا گرفتێ بهاتبایەتە پێشێ سەمەدوف. ئەم لەبری ئەو کاری دەکرد. سەمەدوف کارەکانی بەسادەییەوە وەردەگرت خودی خۆی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە. هەروەها دەربارەی هەر کارێک بچووبانە لای دەسبەجێ وەئەنجامی دەهێنا. هەر کارێکیش لەژوور دەسەڵاتی خۆیدابا ئاگاداری ئەتاکشیوفی دەکردەوە. ئەمیش مەسەلەکەی بە باکۆ یا بە مۆسکۆ دەگەیاند. ئەم کەسە تا دوا تەمەنی حکومەتی ئازەربایجان لە خەستەخانەدا مژوڵی کار بوو .

لێپرسراوی نمایندەیی سیاسی سۆڤیەت و کوردەکان لە ورمێ کەسێ بوو بەناوی (هاشمۆف) کە لە تورکەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو. پیاوێکی کامل بەرێکوپێکی و بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کونسلی رووس هەبوو. بەر لە ئیعلان کردنی حکومەتی ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان هاتە ئێران و تا لەنێوچوونی جمهوریەت لە ورمێدا دادەنیشت. کارەکەیشی جۆرێ بوو زوو زوو دەهاتە مهاباد لەم هاتوچووەیدا قازی محمد و لێپرسراوەکانی دی دەبینی. وەک دەڵێن هاشمۆف کابرایەکی بەژن بڵند و توند و مەند بوو شارەزایی لە سەرگوزەشتەی ناودارانی کورد هەبوو. دەربارەی عێل و هۆز و عەشیرەتەکانی کورد شارەزاییەکی فراوانی هەبوو. گومانیش



لەوە دەکرێ تا ساڵی ١٩٤٦ ئەو کەسەی سیاسەتی سۆڤیەتی دەربارەی کورد دەخستە گەڕ و کاری پێ دەکرد و بەرنامەی بۆ دادەڕشت خودی هاشمۆف بووە.

ئەو کەسەی کە تەئسیری فراوانی لە مهابادا هەبوو سەروان (نقیب) (صلاح الدین کاڤموف) بوو کە لەنێو خەڵکی شاردا بەنێوی (کاکە ئاغا) ناوبانگی دەرکردبوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا ئەویان بەنێوی راهنمایی سوپایی ناردە مهاباد وەک ئەفسەرێکی زرنگ و پڕ لە ئەنەرژی لەنێوان خەڵکدا ناسرا خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو سەبارەت بەوەی زمانی تورکی دەزانی پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی خەڵکی شاردا هەبوو و گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن. دوا ئەفسەرێکیش بووە کە لە مانگی شوباتدا نێردرایە مهاباد و تا کۆتایی تەمەنی کۆماری مهاباد لەوێدا مایەوە.

پاش لەنێوچوونی حکومەتیش پەیوەندی بەکۆنسلگەری رووس لە ورمێ کرد (ئەسەدوف) بوو کە تەمەنی ٥٠ ساڵان بوو بەنێوی نمایندەیی بازرگانی نێردرا بوو. بۆ کاروباری بازرگانی ماوەیێک بەر لەو (حاجییوف) پاش ئەویش (بابایوف) هاتبوون.

کەم وەخت کاروباری بازرگانی دەکرد چونکە مەئموریەتی راستەقینەی ئەو هاوکاری سیاسی بوو لەگەڵ (کاکە ئاغا).

نمایندەی سیاسی ئەو دەمەیش لە ناوچەی میاندواو سپێردرا

بووه (نەماز علیوف) کە لە تورکەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو و تەمەنی ٣٥ ساڵان بوو کەمدوو و بەئەندازەی هیچ یەک لەوانی دی جێی خۆی لە نێو دڵی خەڵکدا نەکردبووەوە. لە میاندوئابدا دەژیا لەبەرئەوەی نێوانی میاندوئاب و مهاباد بەئوتۆمبێل سەعاتە رێیەک بوو. زۆربەی کاتەکانی لە مهاباددا دەگوزەراند. لە تەورێزدا جگە لە پزیشکەکانی خەستەخانەی سۆڤیەت و سەرگورد یرماکۆف و ژەنەراڵ ئەتاکشیوف کەسێکی دیش لەوێدا مەئموریەتی هەبوو ناوە رەمزییەکەشی تەلەفۆنی ژمارە ١١ بوو.

سەرگورد- رائید- یرماکۆف لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٦دا کە رووسەکان بەتەواوی دەسەڵاتیان بەسەر وەزعدا گرت لە ئێران چووە دەرێ. سێ ئەفسەری دیش کە لە مانگی ئایاردا لەئێران چوونە دەرێ بریتی بوون لە  ڕائید (جەعفەرۆف) کە شارەزا و کارناسی کوردەکانی شکاک و باکوری ئێران بوو. ملازم سەمەدۆف کە لە نەغەدە دەژیا و ملازم (فتح الله ئوف) کە جێی ژیانی (شنۆ) بوو.



## بڕیاری دەوڵەتی نێوان پیشەوەری و رابەرانی کۆماری کوردستان

لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا راوێژکارانی رووس لە تەورێز و ورمێ و مهاباد هەوڵیان دا کێشە دژوارەکانی نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە ڕێی گفتوگۆ و مفاوەزاتی دۆستانەوە چارەسەر بکەن.

نوێنەرانی کورد پێکهاتبوون لە:

قازی محمد- محمد حسێنی سەیفی قازی. سەید عبداللەی گەیلانی. ئەمەر خانی شکاک. رەشید بەگی هەرکی. قازی محمد خضری شنۆ. شێوەی ئەم هەیئەیە لەلایەن کونسڵی رووس هاشموۆفەوە قبوڵ کرا و ئەویش بوو بە یەکێ لەوان تا کێشەکانی عێل و عەشیرەتەکانی ناوچەیەکی گەورەی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ چارەسەر بکەن.

نوێنەرەکانی کۆماری ئازەربایجانیش کە بەرانبەریان دانیشتبوون پێک هاتبوون لە. جەعفەری پێشەوەری، حاجی میرزا عەلی سەربەستەری- صادق پادگان- سەلام الله جاوید- محمدی بێ ریا.

لە سەرچاوە کوردییەکانەوە زانراوە ئەم پەیمانی دۆستی و هاوکارییە لە٢٣ی نیسانی ١٩٤٦دا ئیمزا کرا و دەسەڵاتی نمایندەکانی رووس لەوێدا بوون چونکە لە تەواوی ماوەی گفتوگۆی نێوان نمایندەکانی کورد و تورک لە ژوورێکی بەرانبەردا دانیشتبوون. کوردەکان لەگەڵ رووسەکاندا دڵگەرم بوون. زیاتر دەستیان لەسەر ئەوە دادەگرت حاکمیەتیان بەسەر ناوچەکانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا هەبێ. دووبارە رووسەکان دەستیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە تا ئەو رۆژەی کوردانی تورکیە و عێراق هاوزەمان لەگەڵ کوردانی ئێراندا رانەپەڕن ئەوا ناتوانن بەهیچ جۆرێ گۆڕان بخرێتە سەر سنووری کوردستان یا دەستنیشان و جیاکرێتەوە.

بەندەکانی رێککەوتن نامەکە لە بۆتەی فەرامۆشیدا مایەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری ناکۆکی ئەوی پێویست بوو. بڕیاری لەسەر درا و بەم شێوەیە بوو:

بەندی ١: لە هەر شوێنێکدا دەبێ دوو حیزب دەستنیشان بکرێ. دەبێ نوێنەرانی رەسمی هەردوو لاش دەسەڵاتی



پێویستییان هەبێ.

بەندی٢: لەو شوێنانەی ئازەربایجان کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن کاروباری دائیرەکانی دەوڵەت بەدەستی کوردەوە بێ و بەپێچەوانەش.

بەندی٣: بۆ چارەسەر کردنی مەسئەلە ئابوورییەکان دەبێ کۆمیسیۆنێکی تێکەڵ (موختەلەت) کۆمیسیۆنیش بە کۆششی سەرانی هەردوو حکومەت دەست بەکار بکات.

بەندی٤: لە کاتی پێویستدا لە نێوان حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستاندا یەکێتی جەنگی ساز درێ و کۆمەکی یەکدی بکەن.

بەندی٥: هەر شێوە مفاوەزاتێ لەگەڵ حکومەتی تارانا دەبێ بەڕەزامەندی هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان بێ.

بەندی٦: حکومەتی ئازەربایجان بۆ بەرەوپێش بردنی زمان و فەرهەنگی کوردان کە لە ئازەربایجاندا دەژین کۆشش دەکات و بەپێچەوانەش.

بەندێی٧: هەر کەسێ هەوڵی لەنێوبردنی دۆستایەتی مێژوویی دوو نەژادی ئازەر و کورد بدات و یەکێتی دیموکراسی لەکەدار بکات ئەوا دەبێ بەهەردوولا سزای بدەن.

تەواوی ئەوانەی لەم باسەدا ناوبران لەژێر ئەم پەیمانەدا ناو

و ئیمزای خۆیان نووسی. کوردەکان کە لەژێر بڕیارەکەدا ئیمزایان کرد زۆر بەدەوڵەتی دۆست (رووسیا) دڵخۆش نەبوون. بەڵام وا دەکەوتە بەرچاو کە چیدی ڕێی گەڕانەوەیان نەبێ.

لە تارانەوە حاڵەتێکی نادیار و غەم ئامێز کەوتە نێوەوە بەتایبەت کە بۆیان دەرکەوت دوو ئوستانی ئێران وەک دوو دەوڵەتی جیا نوێنەری رەسمی خۆیان دەگۆڕنەوە و ئیمزای ئەم جۆرە بڕیارانەش دەکەن.

بەڵام قوام السلطنە توانی سوود لە مەیلی ئازەربایجانییەکان وەرگرێ کە بایەخیان بە بەندی ٥ی بڕیارەکە نەدەدا هەروەها حکومەتی مەرکەزی لەوەی کە تورکەکان وەڵامی دروست و تەواوی کوردانیان نەدابووەوە و ساردییەک لەنێوانیاندا بوو ئەم ساردییەی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆزتەوە بەتایبەت کە دەیبینی کوردەکان مەیلیان بە تارانەوەیە نەک بە تەورێز.

یەکێ لەو بەندانەی کە قازی بایەخی پێ دەدا بەندی چوارەمی پەیمانەکە بوو کە ئیشارەت بەهاوکاری سوپایی لەنێوان هەردوو لا و لەکاتی پێویستدا درابوو کاتێ قازی گەڕایەوە بۆ مەهاباد دەستەیێک سوپایی و سەرکردەکانی دەعوەت کرد داوای لێ کردن سوێند بخۆن کە هەر کاتێ ئازەربایجان کەوتە بەر هێرش ئەمان بۆ بەرگری لەوان ئامادە بن.



قازی نەیدەتوانی ئومێدەوار بێ بەوەی کە ئازەربایجانییەکان دەربارەی ئەو بەندانەی پەیوەستن بەخۆیانەوە دروست و راستگۆ بن. ئەڵبەتە هێزی سوپایی عیزەت و رەشیدی ئەوانی هەند لا گەورە نەبوو بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە حکومەتی تەورێز لەژێر دەستی کۆمونیستەکاندایە.

لەڕووی تیۆری و ئەندێشەوە و هەم لەڕووی کردارەوە بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی رووسیایە. ئەنجامێ کە شایستەی ئەوەبێ پێی دڵخۆش و ئومێدەوار بێ تەنها ئەو دەمە وەئەنجام دەگەیشت هاوکاری سوپایی لە نێوان کوردستان و ناوچەکەدا هەبێ کە زیندوو بوون و بەردەوامی ژیانی ناوچەکە لەلایەن یەکێ لە دوو دەسەڵاتدارەکانەوە مسۆگەر کرابێ.

# قاراوا

تا ٢٩ی ئەپریل پادگان- ی بەهێز کراوی سوپای ئێران لە سەقزدا ئامادەی ئەوەبوو وزەی خۆی لەبەر چاوی نەیارانی خۆیدا بخاتە روو بەکردەوە رادەی ورەی سوپای ئێران نیشان بدات. لەلایەکی دیشەوە دڵنیا بوو هەندێ لە سەرەک عێل و عەشیرەتەکانی ناوچەکە بەنهێنی پەیوەندییان بەهێزەکانی دەوڵەتەوە هەیە و لەکاتی پێویستدا سوودیان دەبێ. جادەیێک لە تەنیشتی میاندوئابەوە بەرەو باشووری رۆژئاوا و رووەو دامێنی کێوەکانی ناوچەکە تا مهاباد دەکشا لەلای باشووریشەوە جادەیێکی دی بەرانبەر بەڕووباری (تەتەهو) تا چل میل بەتەنیشتی بۆکان دەکشا.

هەروەها لە باشووروەوە سی میلی دی درێژەی هەبوو تا دەگەیشتە سەقز. واش دەکەوتە بەرچاو کە دەگاتە سنە و کرماشان. نێوان میاندوئاب و سەقز کە ئاوی چاکی هەیە



گوندی بەپیت و زەویوزاری بنەماڵەی ئیلخانی زادەکانی بۆکان (دەهبکری) و (فیض الله بەگی) بەرانبەر بە سەقز ئۆقرەیان گرتووە.

بەرەبەیانی رۆژی ٢٤ی نیسان سەرهەنگ کسری فەرماندەی سوپاییێکی ٦٠٠ نەفەر سوار و تۆپخانەیش پشتیوانی دەکردن. بەرەو باکور و رووەو دوژمن کەوتە رێ موسیقای سوپایی ورەی پێ دەبەخشین و حاڵەتێکی تایبەتی بۆ دروست کردبوون.

نزیکی نیوەڕۆ پاش ئەوەی هەشت میل رێیان بڕی بوو گەیشتنە گوزەری قاراوا (قادر ئاباد) لەوێدا باروبارخانەیان لەنێوان بێشەیێکی کەنار رووباردا دانا و ئۆردوویان دامەزراند.

بەپێی سەرنجی بەرزانییەکان ئەم هات و چوون و گواستنەوەیە تەنها بۆ ترساندنی ئەوان بوو. لەم کاتەشدا بەرزانییەکان لە ژووروی شاری سەقز و لە رۆژئاوای جادە بوون. خۆیان شاردبووەوە و لە چوارلاوە گەمارۆی سوپاکەیان دا و دەسرێژیان لێ کردن. هەر لە یەکەم ساتدا ٢١ سەرباز کوژرا و ١٧ بریندار و چلیان دەستگیر کرد و ئەوانی دییان تا ناو شاری سەقز راونا.

پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە دیلەکانیان بەئوتومبیلێکی سەربەتاڵ ناردە مهاباد. لە شاردا مەراسیمی گشتی هەبوو هەر کە دیلەکان گەیشتن کە مەراسیمەکە کرا بە جەژن و شادی.

خەڵکەکە بەچاوی دیارییەوە دەیڕوانییە دیلەکان نەک بەچاوی دوژمنکارییەوە و پاش ماوەیێک دیلەکانیان گەڕانەوە بۆ سەقز. بۆ لای هاوەڵەکانیان لەوێشەوە نێردران بۆ تەورێز. تا لەوێدا ئازاد بکرێن و بەرەو تاران بگەڕێنەوە.

مەسەلەی قاراوە زیاتر بەشێوەی داوی کۆن و لەمۆدکەوتووی کوردان بوو. نەک جەنگێ بەشێوەی نوێ. لەکۆتاییدا ئەوەی نیشان دەدا کە توانای سوپایی و بەرگری لە ناوچەکەدا هەیە. هێزی ئێران لەوێدا بەتەواوی تێک شکێنرا ئەویش سەبارەت بەجێ و شوێن بوو نەک بەوەی ئێرانییەکان لە جەنگ دەترسان. بەهەرحاڵ سەرکەوتنی کوردەکان لەم دەرگیرییە دڵگەرمی و شادی فراوانی بۆ جمهوری نوێ وەدەست هێنا.



## هێرشی گەورە

پاش ڕووداوی قاراوا کە هێزی کوردان یەک ستوونی ئەرتەشی ئێرانی بەتەواوی تارومار کرد ناو و ئیعتبار و ئەندام بوون لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا بایەخێکی تایبەتی وەرگرت. ئەمجارە سەرکردەکانی سیاسی کوردان توانییان زیاتر عەشیرەتەکان لەیەکتر نزیک کەنەوە و یەکیان گرت و هانیان دان ڕووەو باشوور هێرش بەرن بەڵکو بتوانن کرماشان ئازاد کەن و بەکۆمارەوەی ببەستنەوە.

لە٢٠ی مانگی ئایاردا یەک دەستەی شناسایی ئەرتەشی ئێران بەفەرماندەی ملازم (خوسرەوی) کە کوردی سنەیی بوو و لە دەرەوەی سەقزدا مەعەسکەری دانابوو لەپڕ لەلایەن بەرزانییەکانەوە بەر هێرش کەوت و ملازم خوسرەوی و دوو سەربازی دی کوژران لەو ناوچەیەدا بەتەواوی ئەرتەشی ئێران ورەی لەدەست دابوو.

تا سەرەتای مانگی حوزەیران سوپای تازە نێردراو سەرلەنوێ لە سەقزدا سەقامگیر بوون. ئەمجارەیان بەفەرماندەی رەئیسی ئەرکانی ئەرتەشی ئێران سەرلەشکر حاجی علی (رەزم ئارا) بوو و سێ گوردان (نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار سەربازی لەژێر دەستدا بوو) فرۆکە و تۆپخانە و تانکە کۆنەکان پشتیوانی دەکردن.

ئەو کوردانەی لە نێوان سەقز و سنووری عێراقدا بوون. سوپای ئێران دەیویست هێرشیان بەرێتە سەر. نزیکەی سیانزە هەزار چەکدار بوون.. وا دەکەوتە روو کە ئەمە دوا قودرەتی جمهوریەت بێ لە نێوان هێزی کورداندا هێزی عەشایری بەجوانی دەردەکەوت. پێویست دەکات لە سەرەتادا ئەوە روون بکەینەوە کە تا ئەمڕۆ کوردەکان لە زۆربەی جەنگەکاندا لە حاڵەتی دیفاع و بەرگریدا بوون وەک سەردەمی ئەوروپای سەدەی نۆزدە، کوردە جەنگاوەرەکان بەسواری ئەسپ و تەدارەک و چەکی رۆژگاریان پێبوو. کەسانێکی بیانی لە وڵاتانی رۆژئاواوە گەر هاتبان سواری و سەلەوجانی کوردان لە هەموو شتێ زیاتر سەرنجی رادەکێشان. پاش ساڵی ١٨٨٠ کە تفەنگی مارتینی دروست کرا. جەنگاوەری سواران بایەخی لەدەست دا و بووە شتێکی کۆن ئەمەیش راستییەکە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا سەلمێنراوە.



تا ئەمڕۆیش سوارانی کوردی جەنگاوەر دەتوانن سوپای بەچاکی مەشق نەدیدە بترسێنن. ئەگەر بەرامبەرەکەیان چەکی چاکی پێ بێت و ئاشنایی شێوەکانی ناوچەکە بێ ئەوا گەلێ سەختە کوردان روو بەڕوویان بوەستنەوە. ئەسپ لە هێرش و حەملەدا زەرورییە. هەروەها لە پاشەکشێدا نەخشی مان و نەمانی هەیە. لە ڕۆژگاری ئێمەیشدا ئەسپ لە ناوچە کوردنشینەکان بۆ سواری و بار بردن گەلێ بەسوودە.

ساڵانی پێش ئەو هەموو هەرا و فەرتەنەیەی محمد رشید خان نایەوە بەشێکی تەواوی بەکۆمەکی ئەسپ سواران– ببوو.

بەپێی هەندێ بەڵگەنامە کە ئەمڕۆ لەبەردەستدایە زۆربەی هێزە چەکدارەکەی کورد ساڵی ١٩٤٦ لە باشووری مهاباددا سەقامگیر کرابوون تا لە نێو ئەوانەدا هێزی سوارە هەڵبژێردرێت. ئەڵبەتە دەستیان لەسەر ئەوە دانەدەگرت. کە دەبێ لەسەر پشتی ئەسپدا بەردەوامی بەجەنگ بدرێ. دەبوو لەکاتی پێویستدا ئەسپەکان بەرەڵڵا بکرێن و سوود لە سەنگەر و پەناگا سروشتییەکان وەرگرن و بەردەوامی بە جەنگ بدەن.

نەدەتوانرا بەهێزی سوارەی کوردان بگوترێ هێزێکی رێکوپێک. بەڵام گەلێ کاریگەر و جێی متمانە بوون. چۆنیەتی جەنگی ئەوان پەیوەست بوو بە جێ و شوێنی فەرماندەوە.

لەو دەمەدا حەقیقەتێک ئاشکرا ببوو ئەویش پتر لە هەر

دەستە و کۆمەڵێک حساب بۆ بەرزانییەکان دەکرا. چونکە ئەوان چەند ساڵێکی تێکۆشان دژ بەهێزی عوسمانی و سوپای عێراقی قاڵی کردبوون و لێهاتوو و پسپۆڕی جەنگی پارتیزانی و کوێستانی بوون. ئەوان دەیانتوانی ماوەیێکی زۆر لەنێو سەنگەر بێ دەنگ و جووڵە خۆیان مات کەن تا تەواو دوژمن دەکەوتە بەر سێرەیان بەم شێوەیە فرت و فێڵی جەنگیی سەیریان بەکار دەهێنا. بەهۆی ئەو فێڵانەوە بەسووک و ئاسانی و کەمترین زیان پایەگایەکی دەوڵەتیان داگیر دەکرد. ئەڵبەتە دەبێ ئەمەیش قەبووڵ بکرێت کە زۆر جار بۆ دانەبەزینی ورەی جەنگاوەرانیان ژمارەی کوژراوەکانی خۆیان گەلێ بەکەمتر دەخستە روو زۆر جار دەیانگوت. زیانی دوژمن یەک دنیایێک بوو بەڵام ئێمە هەر زیانمان نەبوو بەم شێوەیە کۆمەڵێکی دییان بەرەو لای خۆیان رادەکێشا. شتێکی دیشیان لەنێواندا بوو ئەویش هیچ کۆمەڵێکیان لە مەیدانی چالاکیدا نەدەبوو لە عەشیرەتەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە رەنگە جاری وا هەبا تا پەنجا میلێ زیاتر دوور نەدەکەوتنەوە.

رابەری بەرزانییەکان لەلایەن شێخەکانی خۆیان یا ئەفسەرە کۆنەکانی سوپای عێراقەوە بوو. ئەم کارە تەنها لە جەبهەی سەقزدا لەبەرچاو نەدەگیرا. تا کۆتایی مانگی ئایار شێوازی ئەرتەشی سوپایی کوردان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.



بەرزانییەکان بە سەرکردەی مەلا مستەفا هەزار و دوو جەنگاوەری پیادە.

بەرزانییەکان بەسەرکردەی شێخ ئەحمەد (کە لە جەبهە نەبوون) نۆسەد جەنگاوەری پیادەی جەلالی و چوار سەد جەنگاوەری سوارەی میلانی. شکاک بەڕابەری ئەمەر خان هەشت سەد سوار. شکاک بەڕابەری طاهر خان (کوڕی اسماعیل ئاغای سمکۆ) پێنج سەد سوار.

هەرکی بەڕابەری رەشید بەگ و بەگزادەکانی ژێر چاودێری نوری بەگ هەزار سوار.

هەرکی بەڕابەری زیرۆ بەگ حەوت سەد جەنگاوەری پیادە.

موریدانی شێخ عبداللە ئەفەندی لەژێر چاوەدێری سەید فەهیم دوو سەد سوار. زرزاکان بەڕابەری موسل خان سێ سەد سوار. تورکەکانی قەرەپاپاق بەڕابەری پاشا خان و خەسرەوی خان پێنج سەد سوار. مامش بەڕابەری عەبدوڵای قادری چوار سەد سوار.

مامش بەڕابەری کاک هەمزەی نەلۆس ئەمیر عەشایری پێنج سەد سوار.

موریدان لەژێر چاوەدێری محمد ئەمین ئاغا و قەرەنی ئاغا سێ سەد سوار.

مەنگور بەڕابەری عەبدوڵای بایەزیدی سێ سەد سوار، مەنگور بەڕابەری سەلیم ئاغای وجاق دوو سەد سوار. مەنگور بەڕابەری عەلی خان و ئیبراهیمی سالاری چوار سەد سوار.

گورگی سەردەشت لەژێر چاوەدێری کاک عبدالله دوو سەد سوار.

گورگی مهاباد بایەزید عەزیز ئاغا سێ سەد سوار.

گورگی سەقز بەڕابەری عەلی جەوانمەردی مامەند ئاغا و حاجی ابراهیم ئاغا چوار سەد سوار.

عەشیرەتەکانی دی دەوروبەری سەردەشت پێنج سەد سوار.

عێلی سۆسنی سەد سوار.

دیبوکرییەکانی مهاباد بەڕابەری جەعفەری کەریمی چوار سەد سوار.

دیبوکرییەکانی بۆکان لەژێر چاوەدێری ئاغاکانی ئیلخانی زادە پێنج سەد سوار.

فیض الله بەگییەکانی بۆکان و سەقز هەشت سەد سوار.

تایفەی بیداغی سەقز دوو سەد سوار.

عەشیرەتەکانی دیی ناوچەی مهاباد و شاهیندژ سێ سەد سوار.

موریدانی محمد رەشید خانی بانە سێ سەد سوار.



پێشمەرگەکانی جوانڕۆ و هەورامان- ی باشووری کۆمار سەد و پەنجا سوار.

کۆی ژمارەکانی سەروو دەکاتە ١٢٧٥٠ کەس.

هێزێکی بەم جۆرە پێویستی بە خۆراک و تەدارەک هەیە. هەموو ئەم شتانەش بەچاکی بۆی مسۆگەر دەکرا بۆ هەر دەستەیێک ئەفسەری تەرخان کرابوو. جگە لە مەشقی سوپایی دەبا خۆراک پەیدا کردنیش لە ئەستۆ گرێ.

بەم شێوەیە حکومەتی نوێ توانی زاڵ بێتە سەر گەلێ کێشە و گرفت و دژواری نێوان عەشیرەتەکان و پەرە بە بزووتنەوەکەی خۆی بدات.

## مفاوەزاتی نێوان
## رەزم ئارا و رابەرانی کورد

لە سێی مانگی ئایاردا سەرلەشکر (رەزم ئارا) گەیشتە جەبهەی سەقز تا سەرکردەیی سوپای بەهێزکراوی ئەوێ لە ئەستۆ گرێ و ئەگەر لوا لەگەڵ نمایندەی کوردەکاندا تەقە وەستانێکی کاتی ساز بدات تا ئازووقە بگەیەنێتە ئەوێ. هەر لەم کاتەدا هەیئەیێکی تێکەڵ لە ئازەربایجانی و کوردەکان لە سەقزدا لەگەڵ لێپرسراوانی ناوچەکە و دەربارەی هەندێ کێشە گفتوگۆیان کرد. ئەندامانی نمایندەی کوردان پێکهاتبوون لە: موقەدەم عزەت عبدالعزیز (عیراقی) رائید ابراهیم صلاح و سوپاسالار جەعفەری کەریمی لە عێلی دیبوکری مهاباد. ئەندامانی هەیئەی نمایندەی ئازەربایجان پێک هاتبوون لە ابراهیم علی زادە و خەلیل ئازەر ئابادگان و حەسەن جەودەت.



چەند رۆژێ پێش. جەعفەری کەریمی تەرتیبی کارێکی دابوو ئەویش جادەیێکی ئیزتیراری و کاتی لە سەقزەوە بۆ پادگانەکانی ئێران لە بانە و سەردەشت بکاتەوە. بەڵام لێپرسراوانی ئێرانی نووسراویان بۆ مسۆگەر کردنی رێ کردنەوەکە نووسیبوو و داواشیان دەکرد هێزی کوردان چوار کیلۆمەتر لە سەقز و سێ کیلۆمەتر لەسەر جادەی سەردەشت پاشەکشێ بکەن هەروەها نمایندەی کوردان لە سەقزدا دەستنیشان کرا تا تەقە وەستان بەجوانی چاوەدێری بکرێ. ئەگەر چی هێزی دەوڵەتی وەعدی دابوو کە لە باکوورەوە نەیەتە پێش بەڵام پاش ماوەیەک ئەمەشیان لەبیری خۆیان بردەوە. بە سەرنجدانی ئەمە وا پێشبینی دەکرا کە حکومەتی مهاباد موافەقەت نامەکە قەبووڵ نەکات و رەتی کاتەوە. وادیار بوو رابەرانی کورد وەعدی نادیار کە دەربارەی ئۆتۆنۆمی کوردستانیان لە فەرماندە سوپاییەکانی ئێران لەکاتی گفتوگۆ دەربارەی کێشەکانی سنوور دەبیست. گەلێ خۆشحاڵ و شاد بوون. بەڵام ئەوانە چ گوێیان بە پاشەکشێی هێزی ئێرانی نەدەدا. هەر هەمان ئەو هێزانە بۆ هێرش بردنە سەر سنە بەهێزتر دەکران.

## ڕێککەوتننامەی ئێران و ئازەربایجان

لەم کاتەدا و لە کۆتایی مانگی ئایار و سەرەتای مانگی حوزەیراندا پێشەوەری و موزەفەر فەیرۆز دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە لە ٢٢ی مانگی نیساندا لەلایەن قوام– ەوە ئیعلان کرابوو، مژووڵی گفتوگۆ بوون، تا ڕێیەک وەدەست بێنن حکومەتی ئازەربایجان و حکومەتی مەرکەزی لەسەری ڕێککەوتن.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە چۆنیەتی وەزعی ڕەسمی ئازەربایجان لە گۆشە سەرنجی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەوە دووچاری هەندێ ناهەمواری ببوو چونکە کۆششەکانی سەفیری ئێران لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (حوسین عەلا ) کە هەوڵی دەدا مەسەلەی ئازەربایجان لەنێو دەستووری کاری خۆیدا جێ بکاتەوە، موخالەفەت دەکرا.

لەپڕ مەسئولەکانی تەورێز و ڕۆژنامەکان دەستیان بەدووپات



کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کرد، ئازەربایجان بەشێک بووە قابیلی جیابوونەوە نەبووە لە ئێران و نابێ. تەواوی کێشە و گرفتەکان کە هاتوونەتە پێش هەموو مەسەلەی ناوخۆیین. کاتێ کە لە ٢٧ی مانگی ئایاردا پێشەوەری ئیعلانی کرد و بەمەسئولەکانی ئازەربایجانی گوت، ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی ئێران زەروورییە، چونکە ئەمریکا و ئینگلیز دەیانەوێ سوود لە مەسەلەی ئازەربایجان و کێشەکانی وەرگرن. کودەتایێک بۆ دۆستی مەزنی ئێمە (سۆڤیەت) ساز دەکەن.

شورەوی لە حاڵێکا کە زۆری حەز دەکرد ڕۆژئاوا چ دەسەڵاتێکی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەبێ. لە هەمان کاتدا زۆریش بەم کارە شاد و خۆشحاڵ بوو کە تا زووە ڕێککەوتننامەیەک لە ئێراندا بێتە ئیمزا کردن کە زەمینە بۆ هەڵبژاردن هەموار ببێ. چونکە مەناف کەریمی وەزیری مەعاریف بەرەو سەردەشت دەچوو کە نێردەکان بەدوویدا هاتن. لەنیوەی ڕێدا پێی گەیشتن و پەیامێکی پێچەوانەی پەیامی پێشوویان دایێ کە لە سەردەشتدا بە هێزە کوردەکان بڵێ دەست هەڵبگرن و شەڕ ڕابگرن. پاش وەرگرتنی پەیامەکەش هەر نەگەڕایەوە و بەرەو سەردەشت چوو.

## ئاشتی و تەقە وەستان

بەر لەهەموو کارێ ئاگاداری هێزی کوردان کرا کە دەست بپارێزن و هێرش نەکەن. مەنافی کەریمی دوو هەفتە لەوێدا مایەوە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران سەرتیپ (ئایروم)و سەرهەنگ (پزشکیان) دیدار و گفتوگۆی کرد. جەوی گفتوگۆکە دۆستانە بوو. ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران پێشنیاریان کرد. پێویستە کوردەکان هاوئاواز لەگەڵ تەواوی مەردومی ئێران دژ بەڕژێمی ئازەربایجان بچنە نێو جەنگەوە.

لە حاڵێکدا لە بەرچاوی کوردەکان ئەم کارە رێک و پەسەند بوو بەڵام بەپێی دیدی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان وانەبوو. ئەم هەواڵە نەیتوانی ئەمانیش وەک ئاغای عەشیرەتەکان شاد و خۆشحاڵ بکات.

لەم ماوەیەدا گفتوگۆی گەلێ جدی لە نێوان قازی محمد و



سەرلەشکر رەزم ئارا لە گوندی (سەرا)دا کرا. قازی لەلایەن راوێژکارانی رووس کەوتبووە ژێر گوشارەوە کە دەبێ لەگەڵ لێپرسراوانی ئێران گەلێ نەرم و بەحەوسەڵە بێ. بەناچاری تەقە وەستانی قەبووڵ کرد هەروەها رازیش بوو. رێی گەیاندنی ئازووقە بۆ پادگانەکانی بانە و سەردەشت بکاتەوە.

سێ کەسی بۆ نمایندەی سەقز هەڵبژارد. ئەم سێ کەسەیش. حاجی بابا شێخ. هەژاری شاعیر. حاجی محمد ئاغا بوون. ئەم سێ کەسە لە سەقزدا مانەوە بەبێ هوودەیی چاوەڕێی گەیشتنی دەستوور بوون لە تارانەوە بگاتە فەرماندەکانی ئەرتەش. تا شارەکانی سەر سنوور بخەنە ژێر دەسەڵاتی هێزی چەکداری کورد تا ئەمانیش بۆ پاراستنی و ئاگادارییان وەخۆ کەون.

## یەکدی بینین لە تاراندا

بەپێی رانمایی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای مانگی ئابدا قازی محمد چووە تاران تا لەوێدا رێیەک پەیدا بکەن لە رێڕەوی قانوونی یەک حکومەتدا نیمچە ئۆتۆنۆمیێک بۆ کوردان لەیەک ئوستاندا بەڕەسمی مسۆگەر بکەن. لەوێدا قازی دوو جار لەگەڵ قوام السلطنە و جارێک لەگەڵ رەزم ئارادا چاویان بەیەکدی کەوت و گفتوگۆیان کرد. هەروەها دوو جاریش بۆ سەفارەتی سۆڤیەتی دەعوەت کرا و لەوێدا پێیان گوت کە تا دەتوانی رەفتاری لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتی ئێراندا ئارام و لەسەرخۆ بێ. رەفتاری قوام السلطنە مەنطیقی بوو و گوتی تەواوی کوردستانی ئێران لەگەڵ سنەدا بەشوێنێکی جوغرافی حیساب دەکرێ. ئوستانداریش لەلایەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێندرێ کاروباری لە سنەدا وەئەنجام دەدرێ. وەزع و حاڵی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجاندا یەکسان دەبێت و



بێگومان قازیش دەبێتە یەکەم ئوستاندار. ئەگەرچی قازی بۆ قەبووڵکردنی ئەم پێشنیارانە تا رادەیێک لەرێڕەوی خۆی بەدەر بوو سەیری کرد رووسەکان هەر ناکۆکییەک دەربارەی خیلافی یەکێتی کوردان و ئازەربایجان بێت ئەوا تەئیدی دەکەن. لە سەفارەتخانەی رووسی لە تاران کە قازی چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بەگەرمییەوە پێشوازی لێ بکەن وانەبوو بەڵکو گەلێ گلەییان لێ کرد کە چۆن دەبێ رەفتاری کوردان لەگەڵ ئازەربایجانییەکان– کە لە نێوانیاندا دەژین– چاک نەبێ.

بەچاکی دیار بوو قبووڵکردنی پێشنیارەکانی قوام السلطنە لەلایەن لێپرسراوانی ئازەربایجان جگە لە خیانەت چ شتێکی دی نییە چونکە نەدەبوو پێشنیارەکان قەبووڵ بکرێ و ئاگاداری لایەنی رووسەکانیش بکرێ. چارەنووس و ئایندەی کوردانی بێ قودرەت و بێ دۆست و تەنها بەسترابۆوە بە هەستی ئینسانی و دۆستی و بەزەیی هاوسێی بەتوانای باکوری. قازی بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو بەرپرسیاری شکست لە ئەستۆ بگرێ. لە کاتێکدا کە سەفەرەکەی بێ سەرئەنجام و هیچی وەدەست نەهێنا بەرەو مهاباد گەڕایەوە. قوام السلطنەی سەرۆکی دیبلۆماتی ئێران رەنگە پێشبینی ئەو کارەی کردبێ کە پێشنیارەکانی رەت کرێتەوە و نەتوانێ تەواوی حیزبەکانی ناوچەکە ناچار بەتەسلیم بوون بکات و سەر نەکەوێ.

# سەرنگونی ئازەربایجان

دوا رۆژەکانی تەمەنی جمهوری بەسەر دەچوو و هەناسەکانی دەژمێردرا. رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان یەک بەدووی یەک روویان دەدا.

سەفیری رووس لە تاراندا چەند جارێ ئاگاداری حکومەتی ئێرانی کردبووەوە کە نائاسایش و کەشمەکەش لەسەر سنووری رووسیە و لە هەرێمە ستراتیژییەکانی ئازەربایجان بەهیچ جۆرێ تەحەمول ناکرێ. هەندێ لە موسافیران لەو باوەڕەدا بوون گەر بەزۆریش بێ یەکێتی سۆڤیەت رێ لە وەجێهێنانی بڕیارەکانی قوام دەگرێ.

لە ڕۆژی بیست و حەوتەمی مانگی تشرینی دووەمدا جۆرج وی ئەلن. سەفیری ئەمریکا لە ئێران بەئاشکرا ئیعلانی کرد ئەوەی کە ئێران گوتوویەتی (.... حکومەتی ئێران ناچارە بۆ



موکری (٦)

وەدیهێنانی ئاسایش هێزی سوپا بەرەو تەواوی شوێنەکانی ئێران بنێرێ..) کارێکی ئاسایی و دروستە. هەمان رۆژ قازی لە برووسکەیێکدا نارەزایی خۆی دەربارەی ناردنی هێز بۆ ئازەربایجان و کوردستان دەربڕی. بەڵام قوام لە بڕیارەکەی خۆی نەگەڕایەوە.

ئەو رۆژانەی ئەرتەشی ئێران لە ئازەربایجان نزیک دەبووەوە رانماکەران و کۆمەک نێرەکانی رووس دەربارەی هاوپەیمانی سوپای نێوان کوردان و ئازەربایجان بێدەنگییان هەڵبژارد.

لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا هەیئەیەکی نمایندە لەلایەن کوردانەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ هاشمۆف بەرەو ورمێ کەوتنە رێ. هاشمۆف دڵنیای کردن کە دەوڵەت کەمترین هێزی بۆ کوردستان دەنێرێ.

ئەم هێزەش تەنها تا کۆتایی هەڵبژاردنی مەجلیسە، ئاگاداری ئاسایشی ناوچەکە دەبن. پاش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن ناوچەکە جێ دێڵن. بەپێی بەڵگەنامەی هەندێ سەرچاوە رووسەکان وایان نیشان دابوو کە گوایە باوەڕیان بەقسەکانی قوام هەیە.

لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی کانونی یەکەمدا بۆ پێکهێنانی شوورایێک بەناوی (شوورای جەنگ)ەوە دەعوەتی ئەندامانی کرد. دە کەس لە ڕابەران و وەزیری سەر بەسەیفی قازی و

نمایندەی مەجلیس صەدری قازی بەشدارییان کرد. لەم شوورایەدا بەم شێوەیە بڕیار درا کە عەشیرەتە کوردەکان و هێزی چەکداری جمهوری لە رووی دەوڵەتدا بوەستن. بەڵام دوا بڕیار بۆ سبەینێی ئەو رۆژە دواخرا کە بڕیار بوو لە مزگەوتی (عەباس ئاغا)ی مهاباد کۆبنەوە لەوێدا زۆربەی سەرەک عەشیرەتەکان و ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزب چاوەڕوانی دوا بڕیار بوون. لە مزگەوتەکەدا صەدری قازی گوتی:

بەوەی کە من لە تاراندا بووم. دڵنیاتان دەکەم ئامادە بوونی ئەرتەشی ئێران بۆ ناوچەکە ناتوانێت رێ لە هێزە یەکگرتووەکانی عەشایەر و سوپای کۆماری مهاباد بگرێ.

بەپێی ئەم قسەیە هێزی دوژمن توانای رووبەڕوو بوونەوەی نییە. گەلێ لە ئامادەبووان پێشوازی ئەم قسەیان کرد و پشتیوانییان لێ کرد. بەڵام لەپڕ لە گۆشە و کەنارەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەوە و گوترا (ئێستا ئەم قسانە کاتی بەسەر چووە و ئێستایش درەنگە چارەنووسی کۆمار راستەو ڕاست بەستراوە بە وەزعی ئازەربایجان و قودرەتە گەورەکانی بیانی) کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات و دوا بڕیار وەرنەگیرا ورەی مەردومیش بۆ وەستان و بەرگریکردن تاڕادەیێک لەرزۆک بوو.



## تێبینی

بەپێی قسەی ئەوانەی کە بەچاوی خۆیان بینیویانە و ئەو رۆژە لە مزگەوتی (عەباس ئاغا) بوون صەدری قازی چ قسەیێکی نەکردووە تەنها قازی محمد قسانی کردووە بە ئارامی و خوێنساردییەوە گوتوویەتی بەپەلە بڕیاردان سەرەئەنجامی چاکی نابێ و پەشیمانی بەدواوە دەبێ. هەروەها ئەوەی گوت ئەمە خەتەرە ترسناکە گەلێ نزیکە بۆ من هەموو جۆرە دەرفەتی دەرباز بوون لە ناوچەکە هەیە. بەڵام نامەوێ لە نێوان ئێوەدا بڕۆم و رۆحم فیدای ئێوە دەکەم.

لە تەورێزیشدا هەمان (شوورای جەنگ) دامەزرا ئیستاندار (جاوید) سەرۆکی شوورا شەبستەری و بێ ریا و ژەنەڕاڵ دانشیان بەشدارییان کرد. لە تەواوی ماوەی دانیشتنەکەدا بەدبینی و دەستەپاچەیی دەستی بەسەر کۆبوونەوەکەیاندا گرتبوو. پێشەوەری واقیع بین و رەفتاریشی موعتەدیل بوو.

بەرەبەیانی رۆژی یانزەی کانونی یەکەم لە تەورێزا قاو بڵاو بووەوە کە دەبێ مەردم بووەستن و بەرگری بکەن بەڵام پاش چەند سەعاتێکی دی هەمان رۆژ هەواڵێکی دی بڵاو بووەوە ئەویش سلام اللەی جاوید برووسکەی تەسلیم بوونی بۆ تاران ناردووە. لێپرسراوانی دی حیزب بەرەو باکور رایان کردووە. سبەینێی ئەو رۆژە (دوانزەی کانونی یەکەم) کاردانەوەی توندوتیژ لە کۆمۆنیستەکان رووی دا. وەزیری فەرهەنگ (محەمەدی بێ ریا) کە لە چنگی چەند کەسێ کە بەدوایەوە بوون رای کرد و خۆی گەیاندە خەستەخانەی رووسەکان. خەڵکەکە دوا بەدوای ئەو هێرشیان بۆ ناو خەستەخانەکە برد و هێنایانە دەرەوە. پاشان بەستیانە دوای جێبێک و بەتەواوی کۆڵانەکانی شاردا گێڕایان.

لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمدا پاش تێپەڕ بوونی دوو رۆژ بەسەر تەسلیم بوونی (جاوید)دا ئەرتەشی ئێران هاتنە نێو شارەوە.



## سەرنگونی مهاباد

لەپڕ سەرنگون بوونی حکومەتی ئازەربایجان کوردەکانی مهابادی تاساند و گێژی کردن. لەکاتێکیشدا مژوولی لێکۆڵینەوە بوون و چاوەڕێی رانمایی قازییان دەکرد. کەچی شکاک و هەرکییەکانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ وەک گوڵە بەڕۆژە روویان لە هەتاو بوو. رۆژی ١١ی کانونی یەکەم هێرشیان بردە سەر پێدەشتەکانی خواروو و بەرەو ورمێ و تەورێز رێیان گرتە بەر تا لە سەرکەوتنی ئەرتەشی ئێراندا بێبەش نەبن. لە مهاباددا بەجوانی و روونی ئاشکرا ببوو کە رووسەکان پشتی حکومەتی تەورێزیان کە خۆیان دروستیان کردبوو بەهیچ جۆرێ نەگرت. قازی و هاوکارانی هەرگیز بەجدی بڕیاری بەرگری و وەستانیان بەرانبەر بەهێزەکانی دەوڵەت وەرنەگرتبوو. بەپێی دەعوەتی لێپرسراوانی حیزب دەستەیەکی سوپایی کۆبوونەوە دەربارەی راکردن بۆ عێراق یا

رووسیا گفتوگۆ و را گۆڕینەوە کرا.

ئەوانەی ئامادەی ڕۆیشتن بوون. نزیکی خۆرئاوای ڕۆژی ١٤ی کانونی یەکەم چوونە ماڵەکەی قازی تا داوا لەویش بکەن لەگەڵیاندا شار بەجێ بێڵێ. قازی پێشنیارەکەی ئەوانی قەبوول کرد و پێی گوتن (هەر شتێکتان پێویستە لەگەڵ خۆتاندا ببەن. بەڵام من لەگەڵ خەڵکی مهاباد دەمێنمەوە چونکە سوێندم خواردووە لەگەڵیاندا بمێنمەوە و ئاگاداریان بم حکومەتی مەرکەزی بە ڕق و تووڕە بوون و کینەوە دەگەڕێتەوە. ئەگەر من بگرێ ئەوا هەموو تووڕە بوونەکەی بەسەر مندا دەڕێژێ و دەست لە خەڵکەکە هەڵدەگرێ هەر لەبەر ئەم هۆیەی کە خەڵکی شار دووچاری زەرەر و زیان نەبن من ناچارم بمێنمەوە).

پاشان گفتوگۆ دەربارەی وەزعی گشتی دەستی پێ کرد هەموویان ئەوەیان دووپات دەکردەوە گەر کێشەو گرفت تووشی قازی نەبێت و بەزیندوویی بیهێڵنەوە ئەوا بۆ ئەوانەی دی کە پلەیان نزمترە هیچ ترس و نیگەرانییەک نامێنێ. جەنگ و بەرگری یا راکردن لە کەنار نرا تەسلیمبوونی بێ قەید و شەرت قەبووڵ کرا.

ڕۆژی ١٤ی کانونی یەکەم، یەکەم کۆمەڵە کوردی شار نشین و سەرەک عەشیرەتەکان بەرەو ڕۆژئاوای باکور کەوتنە ڕێ و چوونە میاندواو لەوێدا سەرلەشکر (هەمایۆنی) کە بەڕێی



سەقزدا هاتبوو دیدارو گفتوگۆیان لەگەڵ کرد ئەو کەسانەش پێک هاتبوون لە میرزا رەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی، بورهان علی ئاغای ئەمیر. عەشایەری و چەند کەسێکی دی کە دڵسۆزییان بەرانبەر بەکۆمار نەنواندبوو پێیان وابوو بەچاکی و ڕەفتاری ڕێک لەلایەن لێپرسراوانی ئەرتەشی ئێران پێشوازی دەکرێن.. ئەو کەسانە لە سەرو سیمای سەر لەشکر هەمایونیدا بەخشین و لێبووردنیان بەدی دەکرد. گەڕانەوە بۆ مهاباد تا بەخەڵکەکە بڵێن ئەوانەی تەسلیمی دەوڵەت دەبن دەبێ ئەمین بن.

ڕۆژی پانزەی کانونی یەکەم (ئەسەدۆف) نمایندەی بازرگانی رووس لە مهابادا دەچێتە ورمێ و پەیوەندی بە کۆنسلگەری رووسی دەکات. یەکێ لە لێپرسراوانی رەسمی کوردان تاوانی ئەوەی خستە پاڵ ئەسەدۆف کە لەبەدترین وەزع و حاڵدا دۆستەکانی خۆی جێهێشت و بە تەنهایی هێشتنیەوە.

ئەسەدۆفیش گەلێ وەڵامی بێ سەروبەری دابووەوە و گوتبووی چۆنیەتی وەزعی جمهوری پەیوەستە بەچۆنیەتی وەزعی جیهانەوە ئەگەر ناوی حزب جارێکی دی بگۆڕن و بیکەنەوە بەکۆمەڵەی ژێ کاف دەشێ ئیمکانی ئەوە هەبێ رووس کۆمەکییان بکات!!.

ڕۆژی دوایی قازی محمد، سەیفی قازی و حاجی بابا شێخ و

چەند کەسێکی دی بەئۆتۆمبێل بەرەو میاندواو کەوتنە رێ و لەوێدا خۆیان تەسلیم بە سەرلەشکر (هەمایونی کرد) هەمایونی پرسیاری لە قازی کرد. بۆ رانمایی کوردانی دەکرد تا لە ئێران جیا ببنەوە؟ قازی وەڵامی دابووەوە: هەر کاری لەژێر چاوەدێری و گوشاری رووسەکاندا ئەنجام دراوە. سەرلەشکر هەمایونی گوتی: ئێوە چەند مانگێ لەوەبەر لە تاران بوون بۆچ بەم شێوەیە باسەکەت لەگەڵ قوام نەکرد و پێت نەگوت؟

گفتوگۆ دەربارەی گۆڕینەوەی کار بوو ئەوجا قازی ئاگاداری سەرلەشکر هەمایونی کرد و گوتی بارزانییەکان هێشتا لە مهاباد دان و دەیانەوێ بەرگری لە شار بکەن و دەیانەوێ دووبارە بۆکان داگیر کەنەوە، سەرلەشکر هەمایونی بەباشتری زانی بەقازی و حاجی بابا شێخ و سەیفی قازی بڵێ کە خۆتان بەرەو بۆکان بچن و بەچاوی خۆتان ببینن بەرزانییەکان چەند رۆژێ لەمەبەر شاریان چۆڵ کردووە و لەڕێی باکوری رۆژئاواوە بەرەو مهاباد کەوتوونەتە رێ. قازی لەگەڵ هەمایوندا رووەو گوندی دیبوکرییەکان کەوتنە رێ. کە جێی ژیانی سەرانی ئیلخانی زادەکان بوو. ئەوان لە ساڵی پارەوە پەیوەندییان بە سەرلەشکر هەمایونەوە هەبووە.

سەعات چواری بەرەبەیانی رۆژی شانزەی کانونی یەکەم



قازی محمد و حاجی بابا شێخ سەرلەشکر هەمایونییان ئاگادار کردەوە کە دەتوانن لەڕێیەکی قەدبڕەوە بەرەو مهاباد بچن. بەڵام سەرۆکەکانی دیبوکری گوتیان بەفر جادەی گرتووە. بۆیە گەڕانەوە بۆ میاندوئاب و لەوێوە بە تەلەفۆن ئاگادار کرانەوە کە لە مهاباد چاوەڕێی گەڕانەوەیانە قازی پاش ئەوەی بە تەلەفۆن لەگەڵ مهاباددا قسانی کرد بە سەرلەشکر هەمایونی گوت کە پایتەختی کوردان ئارام نییە و بارزانییەکان لەنێو شاردان و خەیاڵی بەرگرییان هەیە. هەمایونی بە قازی گوت بگەڕێتەوە بۆ مهاباد شار و ناوچەکە ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئەرتەشی ئێران بێنە ناوییەوە.

کاتێ کە لە پانزەی دیسەمبەردا هێزی بەرگری ئازەربایجان نەما چەند هەزار سەربازی تورکی ئازەربایجانی کە بۆ بەهێز کردنی جەبهەکانی نێردرابوون بەرەو لای تەورێز پاشەکشێیان کرد. هاوزەمان مەلا مستەفاش لەگەڵ هەزارو پێنج سەد بەرزانی و دەستەیێک لە عەشایرە کوردەکانیشی لەگەڵ بوو لە رێی میاندوئاب بەرەو لای بۆکان کەوتبووە رێ. لە بۆکاندا بڕیاری دا لە ڕێیەکی قەدبڕی شاخاوییەوە بگاتە مهاباد.

لە بۆکاندا یەکێ لە سەرانی ئیلخانی زادە پێی گوت ئەرتەشی ئێرانی ناتوانێ هێزی کوردان تێک شکێنێ.

کاتێ کە سەرهەنگ غەفاری لەگەڵ دەستەیێک چەکداری

ئەرتەشی لە ١٢ی دیسەمبەر هاتنە نێو بۆکان هێزی عەشایری ناوچەکە خۆیان گەیاندێ بۆئەوەی زیاتر وەفاداری خۆیان ئیسپات بکەن داوایان کرد ڕێیان بدرێ لەگەڵ ئەرتەشدا شان بەشانی بچنە نێو شارەوە. لە ڕۆژی ١٥ی دیسەمبەر غەفاری لەگەڵ عەشایەرە هاوپەیمانەکانی لە دەوروبەری مهابادا سەقامگیر بوون. خەمی ئەوەیان هەبوو کاتێ کە بچنە نێو شارەوە رەنگە ئەم کارە بەئارامی وەئەنجام نەیەت.

قازی محمد لە ڕۆژی ١٦ی دیسەمبەر جەعفەری کەریمی ناردە لای سەرهەنگ غەفاری پێی گوت کە بەسەرهەنگ غەفاری بڵێت بەپێی ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ سەرلەشکر هەمایونی ئەنجام دراوە. دەبێ هێزی سوپای دەوڵەتی سەرەتا بێنە شارەوە و دەسەڵات بەسەر وەزعدا بگرن هەروەها ئاگاداری سەرهەنگی کرد کە بەرزانییەکان هێشتا لەنێو شاردان هەروەها عەشایەرەکانی دی کۆششی فراوانیان هەیە بۆ ئەوەی بێنە ناو شار ئەمە یەکەم جار نەبوو قازی ڕێ لە هێرش و غارەتی عەشایرەکان بگرێ و ئیجازەی نەدەدا ئاگر و جەنگ و کوشتاری بێهوودە بەرپا بێ.

سەرهەنگ غەفاری زۆر بەزیرەکی تا ڕۆژی ١٧ی دیسەمبەر کارەکەی دواخست تا سەرلەشکر هەمایونی و ئەو هێزە سوپاییەی لەگەڵیدایە دێن پێکەوە لە باکوری ڕۆژئاواوە نزیکی



پایتەختی جمهوری بوونەوە.

ڕۆژی ١٦ی دیسەمبەر مەلا مستەفا گەلێ بەپەلە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ قازی محمد خۆی گەیاندە مهاباد بەقازی گوت ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتن وەرگیراوە ئەوا تا سنووری عێراق لەگەڵ قازیدا دەبێت بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر وەڵامی قازی محمد هەمان وەڵام بوو کە گوتووبووی (دەزانم گەر من بمێنمەوە ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵام قەیناکات من پابەندی سوێندی خۆمم مەردوم بەجێ ناهێڵم..)

لەڕۆژی ١٧ی دیسەمبەر قازی محمد و لێپرسراوەکانی دی کورد لە جادەی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە چوونە گوندی (گۆکتەپە) (گوکتپە) تا لەوێدا بەڕەسمی پێشوازی لە دەسەڵاتی سوپایی ئێران بکەن. پاشان ئەرتەشی ئێران لەلای باکورەوەو ئەو هێزەی لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری و عەشایرییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەپەلە چوونە نێو شارەوە. بەئامادەبوونی ئەمان مەرگ و کۆتایی هاتنی جمهوری ئیعلان کرا. جارێکی دی ناوچەکە بەسترایەوە بە ئێران تا ئەو کاتە هەموو شتێ بەچاکی دەڕۆیشت.

لەو ماوەیەدا بەرزانییەکان بەهەموو جەنگاوەر و هێزی خۆ لە بەشی ڕۆژئاوای دەرێی شاردا چادریان هەڵدابوو. هەروەها هەندێکی دیشیان لە باکوری ڕۆژئاوای نەغەدە لەسەر ئەو

ڕێگایەی کە بەرەو سنووری عێراق دەچوو دامەزرابوون.

لە مهاباد و شوێنەکانی دی لێپرسراوانی کورد گەلێ بەپەلە هەوڵیان دەدا تەواوی وێنە و بەڵگەنامەکان و هتد.. لەنێو بەرن. خودی مەردومیش گەلێک نامە و وێنەی قازی یا ستالینیان دەسووتاند. چەکە بچکۆلەکانیان دەشاردەوە چەکە گەورەکان ئامادە دەکران تا تەسلیم بە ئەرتەشی ئێران بکرێ.

سێ هەزار تفەنگی برنەو سەد و بیست رەشاش دوو عەراد و تۆپ و نارنجۆک بەرزانییەکان بەرەو نەغەدەیان برد.

هێزەکانی ئێران لەو سەرماو سۆڵەدا کە ڕێگای درێژیان بڕیبوو بەتەواوی هیلاک ببوون. لە مهاباد سەقامگیر بوون. ناچار بوون بورجی بڵند دروست کەن لەوێوە حەراسەتی شار بگرن و ئاگادار بن لە هێرشی ناگەهانی بەرزانییەکان و عەشایرە دەوروبەرەکانی مهاباد.

کاتێ کە سەرلەشکر هەمایونی گەیشتە نێو شاری مهاباد قازی محمد پێی گوت. گەلێ غەمی (عەلی کوڕی رەشی)م هەیە. ئەو کاتە عەلی لە تەورێز بوو. رۆژی ١٩ی دیسەمبەر سەرلەشکر هەمایونی ئوتومبیلێکی بۆ تەورێز نارد تا عەلی بگەڕێنێتەوە بۆ مهاباد. لە گیرفانی عەلیدا نامەیێک دۆزرایەوە کە سەدری قازی نووسیبووی. صەدری قازی لە ٨ی مانگی دیسەمبەر چوو بووە ورمێ و لەوێشەوە بەرەو تەورێز چووبوو



یەکێ لەو کارانەی کە سەدر لە پێناویا چووبووە تەورێز هێنانەوەی قوتابییە کوردەکان بوو کە لەدانشگای باکۆدا بوون.

لەو نامەیەدا سەدری قازی نووسیبووی (لەگەڵ هەمایونی چاک و دۆستانە بە تا خۆم دەگەیەنمە تاران و دەچمە لای قوام. رەنگە چاوپۆشین و عەفوو بۆ لێپرسراوانی حکومەتی مهاباد زامن بکەم) هەمایونی نامەکەی خوێندەوە ئەوجا بۆ قازی محمدی نارد.

## کۆتایی رووداوەکانی کوردستان

شاری مهاباد کە لە کۆندا ناوی (ساوجبلاق) بوو ماوەیێک پاش خوێنرێژی و جەنگ و جەدەلی توندوتیژ لەپێناوی ئاسایشی گشتی تەسلیم بەهێزەکانی ئەرتەش بوو ئیدی کنە کردنی سەرەک ئێل و خانەکان چ بایەخێکی نەبوو.

لەو رۆژانەدا (خانە)کانی مەحەلی بەترس و ئیحترامەوە لەگەڵ مەئمورەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتداران رەفتاریان دەکرد. چونکە نەیاندەتوانی سەرپێچی قانوونەکان بکەن. نەیاندەویست بەرانبەر بەوان ببنەوە بەخاوەنی دەسەڵاتی کۆنیان. هۆی ئەمەش ئاشکرا بوو.

خانەکان پاشماوەی حکومەتە لاواز و بەهەڵپەکانی سەردەمی سەڵتەنەتی قاجارییەکان بوون. کاتێ کە وەزع گەڕایەوە سەر دۆخی خۆی هێشتا ئەم ناوچەیە وەک ناوچەکانی دی بوو. ئیدی نەیاندەویست و نەیان دەتوانی بەئاسانی دەسبەرداری



ئیمتیازاتی کۆنیان بن- کە لە ئەنجامی لاوازی دەوڵەتی مەرکەزی وەدەست هێنرابوو. ناچار کار گەیشتە جەنگ. ئەم ناوچە شاخاوییەی ئێران وەکو هەموو ناوچەکانی دی لە بەرانبەر قودرەتی مەرکەزی سەریان دانەواند و تەسلیم بوون.

***

رۆژگار تێپەڕی تا ساڵی ١٩٤٥ گەیشت. کۆتایی زستانی ساڵی ١٩٤٥ کۆششی (حزبی کۆمەڵە) گەیشتە پۆپە.

قازی محمد خۆی بەڕابەری کوردستان دامەزراند ئەوەی لەو دەمەدا دەبیسترا ئەوە بوو کە پاش رووداوی (شەهریوەری ١٣٢٠- ١٩٤١) قازی محمد نەخشەی کوردستانی دروست کرد و لەبەر دەستی مەردومدا داینا. سنووری کوردستانی ئازاد لە نەخشەکەی قازی محمد پێکهاتبوو لە بەشێ لە خاکی ئێران و تورکیا و عێراق و هەندێکیش لە خاکی سۆڤیەت. ئەم نەخشەیە هەمیشە لە ژوور سەری قازی محمد هەڵواسرابوو. پاش بڵاوبوونەوەی نەخشەی کوردستانی ئازاد و دامەزراندنی (حیزبی کۆمەڵە) رۆژێ لە شاری مهاباددا ئاگادارییەک بڵاوکرایەوە ئەویش ئەوە بوو هەر کەسێ خزمەتی سەربازی کردبێ لە بارەگای حیزبدا ئامادە بێ و بۆ پەیڕەو کردنی مەبەستی حیزب چەک وەرگرێ. چەند رۆژ پاش ئەم رووداوە ئاڵای ئێران لەسەر هەموو تەلارە دەوڵەتییەکان هێنرایە خوارێ

و له برى ئەو ئالآیێکی دی سێ رەنگ (سوور و سپی و سەوز) کە نیشانەی گەنم و هەتاو و قەڵەمی تیا دیار بوو و بەناوی ئالآی کوردستانی ئازاد لەسەر هەموو دائیره دەوڵەتییەکان بەرز کرایەوە. پاش چەند رۆژێکیش قازی محمد سەرەک عەشیرەت و دەسەلآتدارە ناوخۆییەکانی لە بارەگای فەرمانداری کۆندا کۆکردەوە و ئیعلانی (حکومەتی جمهوری کوردستان)ی کرد پاش ئەو (محمد حسینی سەیفی قازی) بەئۆنیفۆرمی سەربازی و بەپلەی ژەنەراڵی لە پشتی مێزدا وەستا.

ئامادەیی (سەربازانی دیموکرات)ی بۆ لەخۆبوردن دەرخست و قازی محمدی بە پێشەوا و سەرەک حکومەتی کوردستان ناوزەد کرد.

پاش ئەوەیش هاتوو چوون بۆ لای (پێشەوەری) سەرەک وەزیرانی ئازەربایجان دەستی پێ کرد. لەرۆژی بیست و یەکی ئازار ١٣٢٤- ١٩٤٦ سەیفی قازی لەگەڵ هەیئەیەکدا بۆ پیرۆزبایی لە سەرکردەکانی (فرقەی دیموکرات بەرەو تەورێز چوون. پاشانیش هەردوو حیزبی- فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆمەڵەی کوردستان) یەکیان گرت. وەزیرەکانی دەوڵەتی کوردستان پێکهاتبوون لە:

حاجی بابا شێخ- سەرەک وەزیران





محمد حسینی سەیفی قازی- وەزیری جەنگ

محمد ئەمینی موعینی- وەزیری دەوڵەت

ئەحمەدی ئیلاهی- وەزیری ئابووری

کەریمی ئەحمەدین- وەزیری پۆست و تەلەگراف

حاجی رەحمانی ئیلخانی- وەزیری راوێژکاری

مەنافی کەریمی- وەزیری رۆشنبیری

صدیقی حەیدەری- وەزیری راگەیاندن

خەلیلی خەسرەوی- وەزیری کار

حاجی مستەفا داودی- وەزیری بازرگانی

محمد وەلی زادە- وەزیری کشتوکاڵ

اسماعیل ئیلخانی زادە- وەزیری رێگاوبان

***

پاش هێرشی ئەرتەش (سوپا) هەتاوی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان رووی لەئاوا بوون کرد و حزبە یەککگرتووەکان نوشوستیان هێنا و جارێکی دی سوپا دەسەلآتی بەسەر شاری مهاباددا گرت (صەدری قازی) لە دەورەی چوارەمی پەرلەماندا یەکێ بوو لە نوێنەرانی کەمە نەتەوایەتییەکان پەیوەندی لەگەڵ قوام السلطنەدا باش بوو. لە تاراندا هەمیشە هەوڵی دەدا کە براکەی و ئامۆزاکەی یانی

سەیفی قازی و قازی محمد لە سزادان نەجات بدات. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بووبێ دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت لە تاراندا تووشی کەشمە کەشێکی نهێنێ و بێدەنگ ببوون. بەتایبەت لەنێوان سەرەک وەزیران و ڕئاسەتی ئەرکان کە لە سەروویانەوە ڕەزم ئارا بوو. ڕەزم ئارا و سەرکردەکانی دی سوپا باوەڕیان وابوو کە سەدری قازی دەستی لەنێو ڕووداوەکانی کوردستاندا هەبووە تا ڕۆژێ لە تاران هەواڵێ بڵاو بووەوە کە هەوڵەکانی سەدری قازی بێ ئەنجام مایەوە. ئەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە بەم شێوەیە بوو.

(لەبەرئەوەی قازی محمد و سەیفی قازی لە دادگادا ئیعترافیان کردووە پێویستە تەحقیقیش لەگەڵ سەدری قازیدا بکرێ و ڕەوانەی مهاباد بکرێ)

ڕووداوەکەیش بەم شێوەیە بوو. بەرلەوەی سەربازەکانی سەرتیپ (دەفتەری) بچنە ماڵەکەی سەدری قازی سەدر بەپەلە خۆی گەیاندبووە تەلاری وەزارەتی دەرەوە یانی شوێنی قوام السلطنە داوای لە سەرەک وەزیران کرد نەجاتی بدات ئەوەشی بۆ دووپات کردەوە کە نەهێڵێ بەرەو مهابادی بنێرن. چونکە هەر بگاتە مهاباد ئیعدام دەکرێ.

قوام السلطنە پێی دەڵێت: دەزانی گوشاری سەربازی گەلێ زیادە. ئەگەر ئێوە نەچنە مهاباد ئەوا بەدحاڵی بوون دەکەوێتە



نێوانەوە کە گوایە من پەیوەندیم لەگەڵ فرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا هەبووە. چاکتر وایە بەرەو مهاباد بچن تا منیش لەجێی خۆیدا هەوڵی ئازاد کردنی ئێوە بدەم.

سەدری قازییان لە وەزارەتی دەرەوە دەرکرد و بردیان هێشتا هەر ئومێدی بەقسەکانی سەرەک وەزیران هەبوو. لەگەڵ سەربازەکانی سەرتیپ دەفتەری و مەئمورەکان هەر ئەو شەوە بەجێبێکی تایبەتی ڕەوانەی مهاباد کرا.

***

بێگومان موحاکەمە کردنی سەرۆکەکانی جەمهوری کوردستان سەرنج ڕاکێشترین و سەیرترین موحاکەمەی سیاسی بوو و لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخدا بێ وێنە بووە. بەرانبەر بەبەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانی دادگا موتەهەمەکان تەنها قەول و قەرار و نامە و بەیاننامەکانی قوام السلطنەی سەرەک وەزیریان دەهێنایەوە یاد.

سەدری قازی گەلێ باوەڕی بە قەولەکانی سەرەک وەزیران بوو تا لەدوا ساتەکانیشدا چاوی ئومێدی بڕیبووە (قوام) کە گوایە بەرانبەر وەعدەکانی وەفادارە. سەدری قازی هەمان ئەو کەسە بوو لە ئازەر مانگی ١٣٢٥- ١٩٤٦ لە مزگەوتی عەباسی مهابادا گوتبووی. (هەرگیز دەوڵەتی ئێران توانای نییە لەدوو جەبهەدا بجەنگێ جەبهەی کوردستان و جەبهەی ئازەربایجان

ئێمە بەباشی و بەکۆمەکی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەتوانین هێزەکانی دەوڵەت تەفروتوونا بکەین. هەرگیز نابێ بترسین).

زۆر جار دانیشتنەکانی دادگا تا ١٨ سەعات درێژەی دەکێشا بەرگری دەکرا و نهێنییەکانی هەردوولا ئاشکرا دەبوو.

لەبەرکردنی پۆشاکی ژەنەراڵی سەرۆک کۆماری کوردستان. گۆڕینی رەنگەکانی ئاڵای میللی ئێران، لابردنی نیشانەی شێرو خورشید. سەفەر کردنی سەرکردەکانی حیزبی کۆمەڵە بۆ باکۆ و دیداریان لەگەڵ ژەنەراڵە بێگانەکان، کوشتنی ئەفسەران و سەربازانی ئێران، پەیماندان کە ئیمتیازی نەوتی بەڕاژەی ٤٩- ٥١ بدرێتە بێگانەکان. بەڵگەیش نووسین و بەڵگەنامەکانی موتەهەمەکان بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا خرابوونە روو. بەڵگەی گرنگ بوون نەدەتوانرا بەرگرییان لێ بکرێ. دادگا نەیتوانی بەئاسانی لەسەر رۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەدا رای خۆی بدات.

ئەم دادگایە بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ (پارسی تەبار) و مودەعی عام سەرهەنگ (فەروغی) دامەزرا بوو لە دەی مانگی ١٣٢٥- ١٩٤٦دا هەر سێ موتەهەم یانی قازی محمد- سەیفی قازی- صەدری قازی حوکمی ئیعدامیان لەسەر درا. بەڵام ئەو شتە کە بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە ئاشکرا نەبوو ئەوەبوو



مەسەلەی (تەمیز) هاتە گۆڕێ.

لەو ماوەیەدا یانی تا دەست بەکارکردنی دادگای تەمیز کەشمەکەشی نهێنی هاتە گۆڕێ. قازی روویان لە هەموو دەرگایەک دەکرد. بۆ تارانیان بنێرن تا دادگای (تەمیز) لە تاران دابمەزرێ.

لە رووی سیاسەتی گشتییەوە بەتایبەت سیاسەتی ئەرکانی سوپای ئەو رۆژەی ئێران ئەوەبوو کە کارەکانی لە مهاباد ئەنجام بدات. تا جارێکی تر سوپا لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتی خۆی بخاتە روو و خۆی بنوێنێ. بەڵام قازییەکان مەیلیان وابوو بەهەر جۆرێ بووە خۆیان بگەیەننە تاران. مەگەر لە تاراندا شتێکی هەبووە؟ چونکە تا ئێستا بەدروستی ئەو رازە ئاشکرا نەبووە. لە تەعریف و تەفسیری شتە خودداری دەکرێ بەڵام ئەوەی شیاوی گفتوگۆ لەسەر کردنە ئەوەیە کە قازییەکان ئومێدەواری کۆمەکی نوێنەرانی ئەقەلییەکانی دەوری چواردەهەمی شووڕای میللی (پەرلەمان) بوون کە هەندێ لەو نوێنەرانە لەدەورەی پانزەهەمیشدا هەڵبژێردرابوون تا ئەمان لە مەرگ نەجات بدەن.

قازییەکان ئومێدیان وابوو هەر کە بگەنە تاران قەول و قەرارەکانی قوام السلطنەی سەرەک وەزیران پێشوازی کردنی لە(بەند) دەخەنەوە یاد و داوای کۆمەک و یارمەتی لێ دەکەن.

حەیا دەیگرێ و شەرمەزار دەبێ و بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە هەموو سەرچاوە ئومێدەکانیان ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد تا رێ نەدرێ بەهیچ جۆرێ پێیان بگاتە تاران و قسەکانیان سەرنجی دەسەڵاتداران رانەکێشێ چ کەسێ دەزانێ بۆ؟ رەنگە نەگەیشتنی ئەوان بەتاران لەگۆڕنانی هەندێ نهێنی سەیر بووبێ کە لەگەڵ جەستەکانیاندا خرانە نێو خاکەوە.

ئەندامانی دادگای تەمیز رۆژی ١٧ دی مانگ ١٣٢٦– ١٩٤٧ گەیشتنە مهاباد.



## نهێنییەکانی ئیعدامکردنی سەرکردەکانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان

هەیئەی دادگای تەمیز لە تارانەوە بەرەو مهاباد کەوتنەڕێ. زیاتر لە٨٠ رۆژ بوو کە دادگای (سەحرایی) حوکمی ئیعدامی بەسەر قازییەکاندا دابوو. ئەم حوکمە موتەهەمەکانی حکومەتی کوردستانی نیگەران کرد بوو دڵنیا بوون کە مەحکەمەی (تەمیز) لە تاراندا تەشکیل بدرێ ئەوا ئەمان یا (تەبریە) دەبن یا ماوەی حوکمەکانیان کەمتر دەبێ و لە ئایندەشدا حوکمەکەشیان لەسەر لادەدرێ. بەڵام کاتێ کە هەیئەی ئەفسەران لە تەورێزەوە بوونە مەئموری دامەزراندنی مەحکەمەی تەمیز لە مهاباد و هەیئەی مەحکەمەی تەمیز بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ عطائی. مودەعی عامیش سەرهەنگ (نکوزاد) ملازم صلح جو و ملازم نەبەوی بە موحامی دیفاع

دامەزران. ترسی موتەهەمەکان زیاتر بوو. دادگایش شێوەیەکی دی گرتە خۆ.

***

ئەو تاوانانەی خرابووە پاڵ قازی محمدی سەرۆک حکومەتی کوردستان، راپەڕینی چەکدارانە دژ بەدەوڵەتی مەرکەزی، پەیماندان بە بێگانەکان کە نەوتی کوردستان بەڕێژەی ٤٩– ٥١ بەشیان بداتێ، بەسووکی روانینە حکومەتی مەرکەزی تاوانێکی دیش ئەوە بوو کە قازی محمد بڕیاری کوشتن و سووتاندنی ماڵی مەئمورەکانی مەحەلی دابوو بەم تاوانانە دادگا حوکمی ئیعدامی بەسەر دابوو.تۆمەتی سەیفی قازیش لە تۆمەتەکانی قازی محمد کەمتر نەبوو هەمان تۆمەتی بەشداری یا هاریکاری کارەکانی قازی محمد بوو.

بەڵام تۆمەتەکانی صەدری قازی برای قازی محمد کە نوێنەری دەوری چواردەهەمی پەرلەمان بوو ئەوە بوو کە هەندێ نامەی بۆ موتەهەمەکان نارد بوو لەو نامانەدا ئاماژە بۆ بزووتنەوە و پیلان دژ بە هێزەکانی مەرکەزی دەکات.

شتێکی دی کە زیاتر ئەفسەرانی دادگای دەمارگیر کردبوو ئەوە بوو لە نامەیەکدا نووسیبووی کە زمانی حاڵی سوپای ئێرانی رێک وەک ئەم بەیتە شیعرەیە



ئەگەر سەر بخەینە قەد سەرو پشت لە دوژمن کەین
گەلێ لەوە چاکترە کە تاقە کەسێ بەکوشت بدەین

رووداوەکانی دادگا ٤٨ سەعاتی کێشا. کارەکانی گەلێ ئاسایی بوو هەر کاتێ کە تاوانخراوە پاڵان یەکێ لە تۆمەتەکانیان رەت دەکردەوە یا ئینکارییان دەکرد. بەپەلە لەلایەن مودەعی عامەوە بەڵگە و شاهیدی بۆ دەهێنانەوە تەنها یەکدوو جارێ مودەعی عام بەتوندی هاتە گۆ و بەوانی گوت (کوردەکانی سەگ سیفەت) قازی محمد دەمارگیر بوو هێرشی بردە سەر دادگا ناچاری کرد بۆ هەناسە وەرگرتن و پشوودان دادگا بۆ چەند سەعاتێ راگرن. قازی محمد قسەزانێکی لێهاتوو بوو پێویستی بەموحامی دیفاع نەبوو جێ و شوێنی قازی لەئاست ئەو دوو نەفەرە تومەت خراوە پاڵانە یانی سەیف و صەدر وەک ئاغا و نۆکەر بوو. تا ئیجازەی دانیشتنی نەدابان دانەدەنیشتن. لە بەرگرییاندا بەڕاشکاوی دانیان بەوەدانا کە پەیوەندییان لەگەڵ بێگانەکاندا هەیە. لە کۆتاییدا وا کەوتە روو کە ئەم پەیوەندییە لە ئەنجامی گوشاری بێگانەکان و بێ موبالاتی تاران بووە.

قازی لەدوا دیفاعی خۆیدا بەڕاشکاوی ئەوەی درکاند کە وەنەبێ ئاگای لە بڕیار و یاساکان نەبووبێ بەڵکو بەچاکی دەیزانی تەنانەت بەرلەوەی سوپا و هێزەکانی مەرکەز بێنە

مهاباد گوتبووی لە ئەنجامدا هەر لە قەنارە دەدرێم.

بەئاشکرایش ئەوەی درکاند کە بۆ فیراری نەکردووە نەک لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بەڵکو شەش جێبی لەژێر دەسەڵاتدا بووە هەر کاتێ ویستبای (لە سنوور دەپەڕیمەوە و خۆم نەجات دەدا بەڵام دەبێ بزانن منیش وەک «پێشەوەری» ژن سیفەت نەبووم لەکاتی مەترسیدا فیرار بکەم؟ بۆ کوێ فیرار بکەم؟ ئێرە خاکی کوردستانە. گۆڕی هەشت پشتی باو باپیرانمی تێدایە).

سەدری قازی لە دیفاعەکانی خۆیدا هەمیشە باسی بێ قسووری و بێ گوناهی خۆی قسانی دەکرد. لەسەر داوای مودەعی عام رەئیسی دادگا ئەم پرسیارەی لە صەدری قازی کرد. لە نامەیەکت بۆ قازی محمد نووسیوتە مقاوەمەت بکەن تا کۆمەکتان دەگاتێ مەبەستت لەم کۆمەکە چییە؟ ئایا ئەم کۆمەکە لەلایەن بێگانەکانەوەیە و پێش وەخت ئاگادار بوون یا نا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا داما و داوای ئەوەی کرد دۆسیەکانیان بنێرن بۆ تاران. کاری تەحقیق تەواو بوو و هەیئەی دادگا مژوولی راوێژ بوون. دەمارگیری و پەستی سەراپای دادگای گرتەوە ماوەی راوێژ و بڕیاردان زیاتر لە ١٢ سەعات درێژەی کێشا. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەهۆی بێ سیم لەنێوانی سەرکردایەتی سوپا و مهابادا تەلەگراف دەکرا تا نیو سەعات پاش نیوەشەو بەزۆربەی دەنگی ئەندامانی دادگا



حوکمی ئیعدامی قازییەکانیاندا بەهۆی فەرمانداری سوپایی مهاباد بەبێ سیم ئاگاداری سەرکردایەتی سوپا کرا. ئەگەر چی چ کەسێ ئاگاداری حوکمەکە نەبووە بەڵام وردبینەکان کە دەیانبینی فەرماندار خەریکی جفرە کردنی حوکمی دادگایە و رەنگی تێکچووە ئیدی بۆیان دەرکەوت دادگا حوکمی تیژی خۆی بەسەر موتەهەمەکاندا داوە. وەک دەڵێن رووداوەکانیش هەر وابووە. هەر نیو سەعات جارێک دەستووری تازە لە سەرکردایەتی سوپاوە دەگەیشت. ئەو شەوە تا بەیانی سەرکردایەتی سوپا مژوولی کار بوو تا لە مهابادەوە خەبەرێ گەیشت کە دادگای تەمیز بەزۆربەی دەنگ حوکمی ئیعدامی بەسەرا داون. سبەینێی ئەو رۆژەی دادگای تەمیز حوکمی خۆی دابوو سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە سەرکردایەتی سوپاوە دەستوور درا بە فەرمانداری مهاباد کە حوکمەکە لەماوەی ٢٤ سەعاتدا جێبەجێ بکات. ئەڵبەتە ئەم ١٥ سەعات دواکەوتنە ئەوە دەگەیەنێ کە سەرکردایەتی سوپا داوای موافەقەتی باڵاتری کردووە دەنا هەر هەمان ئەو حوکمەکەیان جێبەجێ دەکرد. هەر کە بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمەکە گەیشتە فەرمانداری سوپایی مهاباد وایان لەبەرچاو گرت بۆ پێشگرتن لە هەموو ئیحتیمالاتێ دەبێ نیوە شەوی هەمان رۆژ کاتێ کە خەڵکی شاری مهاباد دەخەون و بڕیارەکانی (منع التجول) رێ

نادات چ کەسێ لە ماڵدا بێتە دەرێ لەو کاتەدا حوکمەکە جێبەجێ دەکرێ. دەبێ سەربازان و مەئمورەکان ئیحتیاتات بۆ هەموو پێشهاتێ وەرگرن. هەیئەی دادگای تەمیزیش دەبا پاش تەواو بوونی کارەکەیان بەرەو تەورێز بگەڕێنەوە بەڵام لەبەرئەوەی دەبا مودەعی عامی دادگا ئامادەی جێبەجێ کردنی حوکمەکە بێت موافەقەت کرا کەرەسەکانی خۆیان ئامادە کەن هەر کە کارەکە وەئەنجام گەیشت یەکسەر بەرەو میاندوئاب و تەورێز بکەونە رێ. لەلایەن فەرماندارى سوپایی و هێزی ئاسایش هەموو ئیحتیاتێکیان وەرگرتبوو. دەورووبەری شار، ئەملاو ئەولای شاریان گرتبوو. سەربازە چەکدارەکان لەڕووی پرسیاری خەڵکەکە وەڵامی بێ سەروبەریان دەدایەوە.

***

بەر لە ماوەیێک حوکم دراوەکان لە ژوورێکی سەربازی لە ناوەندی شاری مهاباد دانرابوون هەر سێ کەسەکە بەیەکەوە بوون بەڵام توندوتیژی زیندانیان لەسەر لابردبوون. هەمیشە حەقی ئەوەیان درابوویێ لەگەڵ ماڵ و مناڵ و خزمانیان بەئامادە بوونی ئەفسەرێکی گەورە یەکدی ببینن.

خۆراکیان لە ماڵی خۆیانەوە بۆ دەهات. لەدەرێشدا بەوردی سەرنج دەدران. رێی فیرار و هەر شتێکی دی لەم بابەتەیان گرتبوو. سەعات ١١ی هەمان شەو یانی پاش چەند سەعاتێ لە



گەیشتنی بڕیاری جێبەجێ کردنی حوکمەکە ئەفسەرێک هاتە ژووری زیندانەکە و پێیانی گوت: دەوڵەت موافەقەتی کردووە کە بنێردرێن بۆ تاران ئێستا خۆتان حازر بکەن سەعاتێکی دی بەرەو مەرکەز دەکەونە رێ. حوکمدراوەکان بەم موژدەیە گەلێ خۆشحاڵ بوون یەکدییان ماچ کرد تەنانەت ئەو ئەفسەرەی کە خەبەرەکەی دابوونێ ئەملاو ئەولایان ماچ کرد. یەکێ لەوان وای نواند کە پارەی ئەم سەفەرەیان نییە و ئیجازەی بدەن تا ئاگاداری کەس و کاری خۆیان بکەن و پارەیان بۆ بنێرن.

ئەفسەرەکە پێیانی گوت لە باڵاترەوە هەموو شتێک ئامادە کراوە و پارەیش دراوە بەئەفسەرانی حەرەس کە لەگەڵتانا بێن ئیدی چ پێویست بەپارە ناکات. بەم پێیە حوکمدراوان شتەکانی خۆیان پێچایەوە و بەپێی نەخشەی پێشوویش بەجیا جیا هەریەکەیان سواری کامیونێکی سەربازی پڕ لە چەکدار کرد. لە دەرێی سەربازخانەکەدا چاوەڕوانی فەرمان بوون. ئەم کارانە هەموو لە یەک سەعاتدا تەواو بوو. نیو سەعات لە نیوە شەو تێپەڕی کامیونەکان چاوەڕوانی فەرمان بوون.

***

گوترا کە جێی زیندانە مەحکومەکان لە دەرێی شار و لە جێی سەربازخانەی سوپا بوو. بەپێی نەخشەی داڕێژراو بڕیار بوو لە مەیدانی شاری مهاباد حوکمەکە جێبەجێ بکرێ و لە قەنارە

بدرێن. کامیونی یەکەم کە قازی محمدی سەرەک کۆماری کوردستانی تێدا بوو بەرەو مەیدانەکە کەوتە رێ لە گۆشەی مەیدانەکە خانوویێک چەندین دەرگای هەبوو دەرگاییێکی رووەو مەیدانەکە و دەرگاییێکی دیش دەکەوتە پشتی مەیدانەکە و بەو بیانووەی کە دەبێت تەشریفاتی پێش کەوتنە رێی کامیونەکان وەجێ بێن وردە تەحقیق بکەن قازییان داگرت و بەرەو خانووەکەیان برد. لە ژوورێکدا مێزێکی گەورە و قورئانێکی پیرۆزی لەسەر بوو. رەئیسی تەندروستی مهاباد کە تازە هێنابوویان لەگەڵ مەلاییێک و مودەعی عامی لێ بوو. ژوورەکە رۆشن بوو جگە لەوانەی کە لەم ژوورەوەدا بوون لە دەرێ و لە تاریکیدا و لە پشتی پەنجەرەکاندا خەڵکانێکی دی چاوەدێرییان دەکرد. هەرکە قازی محمد هاتە ژوورێ یەکسەر لە مەسەلەکە حاڵی بوو و تێگەیشت چوون بۆ تاران درۆ بوو تەنها بۆ غافڵکردن بووە. سەرهەنگ نکوزاد مودەعی عامی هەیئەی تەمیز حوکمەکەی خوێندەوە و تێی گەیاند دەبێ هەر ئێستا حوکمەکە جێبەجێ بکرێ. ئەگەر وەسیەتێ یا تکاییێکی هەیە هەر ئێستا ئەنجامی بدات.

قازی محمد لە پشتی مێزەکەدا دانیشت و ویستی خۆی وەسیەت نامەکەی بنووسێ بەڵام نەیتوانی مەبەستەکەی خۆی بنووسێت داوای لەم کرد ئەم چی دەڵێ ئەو بینووسێت.



# پێڕست

کوردستان و چاپپیاخشانێک ........ 5
کوردستان و یەکەم جەنگی جیهان ........ 9
لە نێوان دوو جەنگدا ........ 16
کۆمەڵەی "ژ. ک" و چۆنیەتی لەدایکبوونی ........ 25
پێشەکییەکانی دامەزراندنی کۆماری مهاباد ........ 27
ئامانجی بارزانییەکان چی بوو ........ 29
حیزبی دیموکراتی کوردستان ........ 32
ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان ........ 38
ئۆتۆنۆمی کوردستان ........ 43
کۆمار لە٢٢ی ژانوی ١٩٤٦ قەوارە وەردەگرێ ........ 46
ئامادەبوون و دەستێوەردانی رووسەکان ........ 51
بڕیاری دەوڵەتی نێوان پیشەوەری و رابەرانی کۆماری کوردستان ........ 57
قاراوا ........ 63
هێرشی گەورە ........ 66
مفاوەزاتی نێوان رەزم ئارا و رابەرانی کورد ........ 73
رێککەوتنامەی ئێران و ئازەربایجان ........ 75
ئاشتی و تەقە وەستان ........ 77
یەکدی بینین لەتاراندا ........ 79
سەرنگونی ئازەربایجان ........ 81
تێبینێ ........ 84
سەرنگونی مهاباد ........ 86
کۆتایی رووداوەکانی کوردستان ........ 95
نهێنییەکانی ئیعدامکردنی سەرکردەکانی... ........ 104